# نینا

خاکەلیوەی ١٣٩٥/ مارس ٢٠١٦

١١

تایبەت بە کوردستانی عراق

جه ریده ی حزبی کمونیستی کریکاری حکمتیست_خط رسمی

سردبیر محمد فتاحی m.fatahi@gmail.com


# هه نگاویکی له بایکوت کارسازتر پیویسته!

رێبوار ئەحمەد

ماوەی چەند هەفتەیە زۆرێک لە قوتابخانەکان و ناوەندەکانی کار بە بایکۆتکردن و نەچونەسەرکار، پەیامێکی توندی نارەزایەتیان داوە بەگوێی دەسەڵاتدا. هەرچەندە جەماوەری نارازی تورەیی خۆیان لەوە دەردەبرن کە دەسەڵات گوێ نیەو نایبیستێ. بەڵام لە راستیدا دەسەڵات ئەو پەیامەی بە باشی بیستوەو لەژێر فشاری توندا قەراری گرتوە. سەرباری ئەوەش نایەوێ بە ئاسانی مل بەداخوازیەکانی خەڵك بدات. هێشتا سورە لەسەر ئەوەی ئاکامە کارەساتبارەکانی تاڵان و برۆی چەندین ساڵەی خۆیان بەسەر خەڵکدا بشکێنێتەوە. ئەگەرچی تۆزقاڵێک پاشەکشەی لە خۆی نیشانداوە، بەڵام لە راستیدا دەیەوێ بە بەڵێنی پوچ و تەم و مژاوی و هاوکات بە فشاری هەمەلایەنە، نارەزایەتیەکان خامۆش بکاتەوە و دۆخەکە وەکو خۆی تێپەڕێنی. هیچ شتێک لەوە ئاشکراترنیە کە ئەم دەسەڵاتە نیازی نیە دەست لە ستەمکاری و نانبڕینی خەڵک هەڵگرێت.تەنانەت ئەگەر بۆ خۆدەربازکردن لە گورزی نارەزایەتیەکان هەندێک بەڵێنی تەم و مژوای پوچیش بە خەڵک بدات؛ وەکو "هەڵە لە بڕیاری پاشەکەوتکردنی زۆرەملێی موچە هەیەو پێداچونەوەی بۆ دەکەن، موچە کەمەکان کەم ناکەنەوە، مژدەی خۆشیان هەیە بۆ خەڵک لە رۆژانی داهاتودا و...هتد." لەگەل ئەوەی ئەم بەڵێنانە خۆیان پوچن و هیچ شتێکی سەرراست و راشکاو بەدەستەوە نادەن، تازە ئەگەر گۆرانکاریەکی رواڵەتیش بکرێت، گومانی تیانیە کە تەنها تا خامۆش بونەوەی نارەزایەتیەکان بڕ دەکات و دوای ئەوە توندتر لە ئێستا دەست دەنێنە بناقاقای خەڵکی ستەمدیدە.

←



# کوردستانی عیراق

## کاتیک سیاست پیش ئابووری ده که ویت و نان به سیاسی ده کریت

موزەفەری مەحەمەدی

### چینی بۆرژوازی

لەئەمرۆدا،مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی وسیاسەت لەکوردستانی عێراق، بۆ بۆرژوازی کورد پێش هەموو شتێکە، تەنانەت، پێش ئابووری ونانی سەرسفرەی خەڵک ئەولەویەتی هەیە.

بۆرژوازی لەهەلومەرجی قەیرانی ئابووری وسیاسی وحکومەتیدا، هەموو هەوڵێکی لەپڕوپاگەندە وچاوترساندنەوە، تادەگات بەئامادەکاری بۆسەرکوت و وەڵام بەنانی خەڵک، سیاسیە. یەکەم شت دەیەوێت دەسەڵاتی سیاسی ڕاگرێت ومسۆگەری بکات. نان وقووتی خەڵک بۆئەو کەم بایەخترە، وکێشەی دواتر ولاوەکیە، وئەگەر بیەوێت وەڵامیشی پێبداتەوە، ئەوا لەپێناو خزمەتی مسۆگەرکردنی دەسەڵاتی سیاسی وحاکمیەتەکەیدایە.

لەقەیرانی سیاسی وحکومەتی ئێستای کوردستانی عێراقدا، (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) وەک لایەنێکی دەسەڵات، بۆتە مشاور وقسەکەری خەڵک لەبەرامبەر حاکمیەتێکدا کەخۆی تیا بەشدارە. گۆڕان وئیسلامیەکانیش ڕۆڵی ئۆپۆزسیۆن لەئەستۆدەگرن لەبەرامبەرحکومەتێکدا کەخۆیان هاوبەشن تیایدا.

لەکاتێکدا خەڵک شیری وشکی منداڵەکانیان دەستناکەوێت، سەربەخۆیی کوردستان بۆمەسعود بارزانی دەبێتە

ئەولەویەت ومەسەلەیەکی سەرەکی. پێشنیاری سەربەخۆیی کوردستان، نەک بۆچارەسەری قەیرانی ئابووری یان نانی سەر سفرەی خەڵک وشیری ووشکی منداڵانی خەڵک نییە، بەڵکو لەم هەلومەرجەدا بۆ بارزانی مەبەستی سیاسی لەپشتە.

ئەمە ئەو هەلومەرجەیە کەئەمرۆ بەسەر کوردستانی عێراقدا زاڵە. ئەگەر چینی کرێکار

صفحه ٣

ده فته ری کوردستانی حزبی حکمتیست(خط رسمی)

# دیفاع له ئیعترازاتی خه لکی کوردستانی عیراق

ئیعترازاتی به رحه قی خه لکی مه حرومی کوردستانی عیراق هه موو شار و شاروچکه کان و بنکه کانی فیر کردن و بارهینان و کارگه کان و ئیدارات و خه سته خانه کانی گرتووته به ر. راده ی ئیعتراز و ئیعتصاب و تجمعاتی چین وتویژه کانی بی به شی کوردستانی عیراق له دژی ده سه لاتدارانی بورژوازی کورد، له دژی دزی و تالانی له راده به ده ری ئه وان له سه روه ت و سامانی کومه لگا و له

صفحه ٧


- بەرەو ١٧ ی شوباتیکی تر (ریبوارئەحمەد) صفحه ٨
- گلدانەوەی زۆرەملێی مووچە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دەبێ هەڵوەشێتەوە (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان) صفحه ١٠
- نەخشەرێگای دەرهێنانی کۆمەڵگای کوردستان(حزبی کۆمۆنیستی کڕیکاری کوردستان) صفحه ١١


# ئازادی به رابه ی حکومتی کریکاری

## هه نگاویکی له بایکوت ....

ئەم دەسەڵاتە بورژوازیەی کوردایەتی لە رادەبەدەر مشەخۆرو چاوتێرنەبوە، تا ئەو رادەیەی کە هیچ مافێک بە خەڵکی "نەتەوە پیرۆز"ەکەی خۆی رەوانابینێ. هەرچی لەسەر زەوی و ژێر زەوی و ئاسمانی ئەم کۆمەڵگایەدا هەیە بە موڵکی خۆی دەزانێ. سەرجەم داهاتەکان بۆ خۆی دەبات، قاچاخچێتی بە دەرمان و خۆراکی ماوە بەسەرچوشەوە دەکات، هەموو کۆمپانیا تاڵانچیەکان هەر موڵکی خۆیانن. لەگەڵ ئەوەشدا تا سەر ئێسقان خوێنی کرێکارو جوتیارو مامۆستا و کارمەند و پێشمەرگەش دەمژن، ئەو کۆمەکانەی بە ناوی پێشمەرگەو شەری داعشەوە وەریدەگرێت، ئەوەی بە ناوی ئاوارە و شەنگارەوە وەریدەگرێت، ئەوەی بە ناوی خۆراک و دەرمانەوە وەریدەگریت، لە هەموی بەشی شێری بەتاڵان دەبرێت.

دەست بۆ خەرجی گیرفانی خوێندکارو سفرەی خاڵی کەس و کاری ئەنفال و شەهید و خانەنشین و دەستفرۆش و کەم ئەندامیش درێژ دەکەن، لە داهاتی لەشفرۆشیش بەشی خۆیان دەوێ، هێشتاش چاویان تێرنابێت و تەنانەت پەلاماری شیری منداڵیش دەدەن. ئەمە ماناو ناوەرۆکی ناسیۆنالیزم و کوردایەتی و نەتەوەپەرستیە. بورژوازی کوردو حزبە بورژوازیەکانی کوردایەتی میللەت و نەتەوەیان تەنها و بە تەنها بۆ ئەوەیە خوێنی بمژن، هیچ گوزەران و خۆشبەختیەک بە مافی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و ستەمدیدەی ئەو نەتەوەیە نازانن کە رۆژ تا ئیوارە بە ئەی رەقیب و کوردایەتی مێشکیان دەکوتنەوە.

ئەمرۆ ئەو راستیە وەکو رۆژی روناک ئاشکرایە کە ئامانجی بورژوازناسیۆنالیستی کورد لە برەودان بە کوردایەتی و ئەی رەقیب و گیانی نەتەوەپەرستی کوردی، ئەوەیە کە ئەم ستەمکاری و تاڵان و بڕۆیە پەردەپۆش بکات. دەیەوێ لە ژێر ناوی "هەموان هەر کوردین"، چەوساوەکان چەواشە و شەڕی نێوان چینی ستەمکارو چینی ستەمدیدە خامۆش بکات. "ئەی رەقیب و کەس نەڵێ کورد مردوە" ی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کورد تەنها و بە تەنها بۆ ئەوەیە کریکارو زەحمەتکیش و ستەمکێشانی کورد "نەمرن" و بمێنێن بۆ ئەوەی کۆشک و تەلار و قەڵای سەرمایەی ئەوان بەرزو بەرزتر بکەنەوە. دروست وەکو ئەوەی لەم چارەکە سەدەیەدا رویدا. دەرسێکی گرنگی روداوەکانی ئێستای کوردستان جەخت لەوە دەکاتەوە کە تورهەڵدانی نەتەوەپەرستی و ناسیۆنالیزم مەرجێکی سەرەکی پساندنی کۆت و بەندی کۆیلایەتی و ستەمکاریە لە دەست و پێی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش و ئازادیخواز.

لە جیاتی بایکۆت!

نارەزایەتیەکانی تا ئێستا و بە تایبەتی بایکۆت کردن، سەرەتایەکی باش و پەیامێکی بەهێز بوو بۆ هۆشداریدان بە دەسەڵاتی ستەمکاری بورژوازی کورد. بەڵام لەوە زیاتر درێژەدان بەو شێوازە کارساز نیە و ناتوانێ هاوسەنگیەکە زیاتر بە قازانجی جەماوری نارازی بگۆڕێت، ناتوانێ وەکو پێویست چۆک بە دەسەڵات دابدات. بۆیە پێویستە جێگای خۆی بدات بە شێواز و هەنگاوی کارسازتر. بە تایبەتی بایکۆت لەگەڵ درێژە پەیداکردنی بۆ درێژماوە لایەنە لاوازەکانی بەرجەستەتر دەبێت و رەنگە بگۆڕێت بە دژی خۆی. بەتایبەتی دوای ئەوەی دەسەڵات پەنای بردووە بۆ پلانی کەمکردنەوەی دەوام بە مەبەستی ئەوەی هەم کاریگەریەکانی بایکۆت ناکام بکاتەوە و هەم پەرتەوازەیی و دوبەرەکایەتی بەسەر نارەزایەتیەکاندا زاڵکات. بەدەر لەمەش خودی بایکۆت بۆ دریژماوە خاڵی لاوازی خۆی هەیە لەوانە؛

یەکەم/ بەردەوامی بایکۆت بۆ درێژماوە، دەبێتە هۆی لێکدابڕانی جەماوەری نارازی لەیەکترو لاوازبونی هاودەنگی و یەک ریزیان.

دوەم/ دەسەڵات کار دەکات بۆ هەڵخڕاندنی خەڵک دژی راوەستانی خزمەتگوزاریەکان و هاندانی بەشێکی تر لە خەڵک دژی بایکۆت. دەیەوێ ئۆباڵی بەفیڕۆچونی ساڵێکی خوێندکاران بخاتە ئەستۆی مامۆستایان نەک بێدەربەستی خۆیان. ئەمە پلان و پڕوپاگەندەیەکی ژەهراویە بۆ ئەوەی خوێندکاران و خانەوادەکانیان بکات بە گژی مامۆستایاندا.

سێەم/ ئۆباڵی راوەستانی خزمەتگوزاریە تەندروستیەکان دەخاتە ئەستۆی دکتۆرو کارمەندانی موچە بڕاو نەک بێدەربەستی و تاڵان و بڕۆی خۆیان. هەر تەنگەبەری و روداو کارەساتێکیش بە هۆی نەبونی ئەم خزمەتگوزاریانەوە بێتەبەرەوە، دەسەڵات دەیکاتە بەهانیەک بۆ هاندانی خەڵک دژی بایکۆت.

چوارەم/ خاڵێکی لاوازی بایکۆت ئەوەیە کە رادەی گوشاری لەسەر دەسەڵات سنوردارو بەرتەسکە و رەنگە ئەوان بتوانن بۆ ماوەیەکی دێژتر خۆیان لە بەرامبەر ئەم گوشارەدا رابگرن، تا ئەوکاتەی خەڵک بێزارو نائومێد، هەروەها ریزی نارەزایەتیەکان پەرتەوازە و دوچاری ناکۆکی دەبنەوە...

پێشتر باسی ئەوەشمان کردوە کە جەماوەری نارازی پێویستە لەگەڵ گرتنبەری هەر شێوازیکی نارەزایەتیدا، ئەوەیان لەبەرچاوبێت کە ناکرێ بۆ درێژماوە و کاتێکی نادیار خزمەتگوزاریەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک لەکاربکەون. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوانە ئیتر کاتی ئەوە هاتوە شێوازێکی کارسازتر جێگای بایکۆت بگرێتەوە. شێوازێک کە گوشاری زیاتر بێت لەسەر دەسەڵات، ئاستی یەکدەستی و رێکخراوبونی جەماوەر بەرەوسەر بەرێت، ریزی نارەزایەتیەکان فراوانتر بکاتەوە ....بۆ ئەم مەبەستە باشتر وایە لە جیاتی بایکۆت هەموان بگەڕێنەوە بۆ ناوەندەکانی کارو خوێندن، قوتابخانەکان و خزمەتگوزاریە پێویستەکانی خەڵک بخرێنەوە کار، ئەوەندەی دەکرێت خزمەتگوزاری پێویست بۆ خەڵک دابینبکرێت و لە بەرامبەردا ئابلوقە لە سەر دەسەڵات و حزب و دامەزراوەکانی دابنرێت و هەمو خزمەتگوزاریەکیان لێ ببڕدرێت. هەروەها لە جیاتی بایکۆت باشتر وایە هەموو مەیدانەکانی کارو خوێندن بکرێن بە مەیدانی کۆبونەوە و میتینگی رۆژانە بۆ گفتوگۆ لەسەر چی کردن و چۆن کردن و چۆنیەتی یەکدەستبون و بەرەنگاربونەوەی پلانەکانی دەسەڵات. پێویستە سەرجەم ناوەندەکان خۆیان لە شواراکان و رێکخراوە سەربەخۆکاندا رێکبخەن.

واتە کۆبونەوەی گشتی ناوەندەکەیان بەرپا بکەن و نوێنەرانێکی جێگا باوەڕو متمانە پێکراو لە نێوان خۆیاندا هەڵبژێرن بۆ رابەری کردنی خەباتی ناوەندەکە و نوێنەرایەتی کردنیان هەم لە بەرامبەر دەسەڵات و هەم بۆ یەکخستنی نارەزایەتیەکان لەگەڵ ناوەندەکانی تر و لە ئاستی سەراسەریدا. شوراکان لە هەمانکاتدا هەموو کاروباری ناوەندەکان بەدەستەوە بگرن و رێکیانبخەن. خاڵی بەهێزی شورا لە چاو سیستەم و شێوەکانی تری رێکخراوبون ئەوەیە کە هەر ناوەندە خۆی راستەوخۆ نوێنەرانی خۆی هەڵدەبژێرێت و هەر ساتێکیش دەرکەوت کە نوێنەرانێک باش نوێنەرایەتی ئەو جەماوەرە ناکەن کە هەڵیانبژاردوە، یەکسەر هەر لەلایەن ئەو جەماوەرەوە لادەبرێن و کەسی گونجاوتر بۆ جێگرتنەوەیان هەڵدەبژێردرێتەوە. لە سیستەمی شورایدا هیچ بەهانەیەک نیە کە ئەم کارە بۆ یەک رۆژیش دوابخات. جیاوازیەکی گرنگ و بنەڕەتی شورا لەگەڵ سیستەم و شێوەکانی تر، بۆ نمونە پەرلەمان و یەکێتی و نەقابە، ئەوەیە کە شورا بوار نادات کەسانێک ببن بە وەکیل و بریکاری خەڵک و هەردوای وەرگرتنی پەنجە مۆری خەڵک ئیتر بۆ چەند ساڵ بتوانن سات و سەودا بە مافی جەماوەرەوە بکەن بەبێ ئەوەی جەماوەر مافی ئەوەی هەبێت لایانبەرێ. شورا هەمیشە جەماوەر لە مەیدانی دەخاڵەتی راستەوخۆ رادەگرێت و کەسانێکیش دەکات بە نوێنەر، هەرکات باش نوێنەرایەتی جەماوەریان نەکرد یەکسەر لادەبرێن.

پێویستە تاکتیکی گونجاو لەبەرامبەر ئەو تاکتیکەی دەسەڵات بگیرێتەبەر کە هەوڵدەدات خوێندکاران و خانوادەکانیان بکات بە گژی مامۆستایاندا و ئەمە لە دژی خۆی هەڵبگێردرێتەوە. لەگەڵ بەگڕخستنەوەی ناوەندەکانی خوێندن، سەرجەم خانەوادەی خوێندکاران بانگێشت بکرێن و لە ناو قوتابخانەدا کۆبونەوەیان لەگەڵ بکرێت، بۆیان رونکرێتەوە کە رێگای بە فیرۆ نەچونی ساڵێکی خوێندکاران ئەوە نیە

گیرفانی بەتاڵ و سفرەی خاڵی ماڵیەوە وانە بڵێتەوە، ئەمە بە هیج جۆرێک ناکرێت و لە توانادا نیە. رێگاچارە ئەوەیە کە دەسەڵاتی گەندەڵ و تاڵانچی ناچاربکرێت، لەو داهاتەی بەتاڵانیان بردوە، دەستبەجێ هەموو موچەکانی مامۆستایان بدەن. تەنها رێگای خوێندکاران و خانەوادەکانیشیان بۆ ئەوەی بەربگرن لە بەفیرۆچونی ساڵێکی خوێندن، هەر ئەوەیە کە بە هەموو توانا لە پشتی خەباتی مامۆستایان راوەستن و هاوشان لەگەڵ ئەوان راوەستن بۆ ناچارکردنی دەسەڵات بەجێبەجێ کردنی خواستەکانیان. ناوەندە خزمەتگوزاریەکانیش دەتوانن هەمان رێگا بگرنەبەر بۆ ئەوەی جەماوەری بێبەش لە خزموتگوزاری، لە پشتی نارەزایەتی خۆیان رابگرن. جگە لە ناوەندەکانی کاڕ پێویستە گەڕەکەکانیش بکرێنە مەیدانی کۆبونەوە و متینگ و سەنگەرێکی تری خەبات لە دژی برسێتی و نانبڕین و ستەمکاری. لەم کۆبونەوانەدا شورای گەڕەکەکان دامەزرێن بۆ رێکخستن و رابەری کردنی خەباتی جەماوەری و بە دەستەوە گرتنی کاروباری گەڕەک لە جیاتی دام و دەزگا گەندەڵەکانی دەسەڵات.

ئەو ناوەندانەی کە خۆیان داهاتیان هەیە، لە جیاتی دانی داهاتەکان بە دام و دەزگا گەندەڵەکان، داهاتەکانیان لەلایەن شوراکانەوە

## هه نگاویکی له بایکوت ....

کۆنترۆڵ بکرێت بۆ دابینکردنی موچەکان و کۆمەک کردن بە دابینکردنی موچەی ئەو ناوەندانەی تر کە داهاتیان نیە. پێویستە بەڕێوەبەرایەتی و دەزگا گەندەڵەکانی دەسەڵات فەرامۆش و بایکۆت و دەسکۆتابکرین و پێڕەویان لێ نەکرێت. بۆ ئەم کارانە نابێ کات بە فیرۆبدرێت، پێویستە شەو ڕۆژ بخرێنە سەریەک بۆ بەرەوپێش بردنی خێرای ئەم هانگاوانە. تێپەڕبونی کات بە زیانی خەباتی جەماوەری و بە قازانجی دەسەڵاتی ستەمکارە. دەسەڵات دەیەوێ کات بەسەر بەرێت تا خەڵک شەکەت و ماندو نائومێد دەبێ و چۆکدائەدات. ئەرکی پێشڕەوان و رابەرانی بزوتنەوەی ناڕەزایەتی و هەڵسوڕاوانی کرێکاری و کۆمۆنیستە کە دەست بخەنەپێش و جەماوەری ناڕازی لەم ڕێگایەدا رابەری بکەن.

مەسەلەیەکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە دەستەکانی ئێستا هەروەها لەگەڵ بەرپابونی شوراکاندا، بەردەوام بانگەوازی پێشمەرگە و پۆلیس و هێزەچەکدارەکان بکەن و بەرچاویان رۆشنبکەنەوە کە چارەنوسی ئەوان و چارەنوسی جەماوەری ناڕازی و ستەمدیدەیە یەک چارەنوسە. ئەوانیش بەشێکن لەو جەماوەرەی کە بۆ نان و ژیان و ئازادی هاتونەمەیدان. ئەوان کە خۆیان رۆڵەی کرێکاران و جەماوەی زەحمەتکێش و ناڕازی و برسین، نابێ ببنە قەڵغانی کۆمەڵێک جەردە و گەندەڵ و ستەمکارو لە پێناو پاراستنی قەڵای سەروەت و دەسەڵاتی گەندەڵکاراندا لولەی چەکەکانیان ئاراستەی سنگی هاوچارەنوسەکانی خۆیان بکەن کە تەنها لە پێناو مافی رەوای خۆیاندا هاتوەتەمەیدان. دەبێ بەردەوام ئەوەیان بۆ رونبرێتەوە کە سەنگەری ئەوانیش سەنگەری ناڕەزایەتی جەماوەری ستەمکێش و ئازادیخوازە، ئەوانیش دەبێ لەم سەنگەرە و لە پاڵ جەماوەری ستەمدیدە دژی دەسەڵاتی ستەمکار راوەستن.

**٢٣ شوباتی ٢٠١٦**

→

## کوردستانی عراق کاتیک سیاست....

وزەحمەتکێشان وکۆمۆنیست وئازادیخوازان، ئەم ڕاستیە لەبەرچاونەگرن، ئەوا دەیدۆڕێنن.

کوردستانی عێراقی ئەمڕۆ پڕە لەناکۆکی وئاڵۆزیگەلێک، کەبەبێ ناسین ولێکدانەوەیەکی دروست بۆی، هیچ کارێک بەرەوپێش ناچێت. لەم گۆشەیەی جیهاندا، جیاکردنەوە وناساندنی دۆست ودوژمن، ئۆپۆزسیۆن وموخالفانی دەسەڵات بۆخەڵکی ستەمدیدە کارێکی سەخت ودژوارە. ئەمڕۆ لەکوردستاندا، بەشە جۆراوجۆرەکانی بۆژوازی هەم لەدەسەڵاتدان وهەم لەدژی دەسەڵاتن. لەیەک کاتدا خۆیان بەقەرزداری خەڵک دەزانن وخەڵکیش بەقەرزداری خۆیان دەزانن. حزبە جۆراوجۆرەکان ولقە جیاجیاکانی بۆژوازی کوردی، لەدەسەڵات بەشدارن ولەهەمان کاتدا، بەشێکی زۆری خەڵکیان بەناوی ئەندام ولایەنگر وملیشیا لەدەوری خۆیان ڕێکخستووە. ئەم حزبانە، هەرکامێکیان بگریت، پێیەکیان لەدەسەڵات وپێکەی کەشیان لەناوخەڵکدایە. هەم پشکیان لەدەسەڵاتدا هەیە وشەریکن لە سەروەت وداهاتدا، هەم خۆیان بەنوێنەری خواست وداواکاریەکانی خەڵک دەناسێنن. لەم هەلومەرجەدا وەک دەڵێن" سەگ خاوەنی خۆی ناناسێتەوە".

لەکوردستاندا، سەرەڕای بۆژوازی دەسەڵاتدار، لەپاڵدەستی حکومەتدا، توێژێکی گەورە لەبۆژوازی ناوەندی وتازە پێگەیشتوو، لەپەنای دەسەڵات وحزبە عەشایەرەکاندا پێگەیشتوون ولەبازاڕی بێسەرەوبەرەی عێراق وبازرگانی وقاچاخچێتی وئاڵوگۆڕی بازرگانی گەورە گەورەی بازاڕی بەرەڵاو بێچاودێری کڕین وفرۆشتنی کاڵا...، بوونەتە خاوەنی سەروەت وسامانێکی زەبەلاح. ئەمانە کەبوونەتە خاوەنی کۆشک وتەلار وئۆتۆمۆبیلی تازە ومۆدێلی باڵا وگرانبەها، لەبازاڕی بەرەڵا و لەسایەی سیناریۆی ڕەشی عێراقدا، دەستیان گرتوە بەکڵاوەکانیانەوە تا با نەیبا. ئەمانە قازانجیان لەوبێسەروبەرەیی وبەرەڵاییەی بازاڕدایە، کەهیچ کۆنترۆڵ ویاسایەک بۆلێپێچینەوە لەدەرامەت وکڕین وفرۆشتنیان لەئارادانییە. ئەمانەش پارێزەرانی ئەحزابی قەومی دەسەڵاتدارو ئیسلامیەکانن. ئەم بەشە تازەپێگەیشتوانەی بۆرژوازی، شانازی بەبوونی کرێکار وخزمەتکاری فلپینی وئەفریقایی وچینی وئێرانیەوە دەکەن کەلەماڵەکانیان خزمەتیان دەکەن.

ئیسلامیە ڕەنگاوڕەنگەکانیش، لەناوئەم کۆمەڵگا بێسەرەو بەرەییە وبێخاوەنە، ولەوکەش وهەوا داڕزیوو وبۆگەناویەی بۆژوازی ناسیۆنالیستی کورد ونارەزایەتیە گشتیەکاندا، پەیتا پەیتا خەریکی بڵاوکردنەوەی ژەهری مەزهەبین، لەناو ڕەگی کۆمەڵانی خەڵکداو لەبەرامبەریشدا هەم پشکی خۆیان لەدەسەڵات وەردەگرن وهەم لەووڵاتانی عەرەبی وئیسلامیش ملیۆن ملیۆن دۆلار لەپاداشتی نۆکەرایەتی وجێبەجێکردنی سیاسەتەکانیاندا وەردەگرن.

ڕیزو بەرەی بۆژوازی کورد، ئەمڕۆ دووچاری قەیرانێکی سیاسی وحکومەتی وئابووری بووە. قەیرانی دەسەڵات ودۆزینەوەی ڕێگە چارە بۆی، بەهەر نرخێک بێت لەئەولەویەت وسەروی هەموو مەسەلەکانی دیکەدان بۆهەموو لق وبەشەکانی بۆژوازی کورد لەدەسەڵاتدا.

بۆرژوازی بەحزبی بووی کوردستانی عێراق، چ ئەمڕۆو چلەمێژوودا، کێشەو دەعوای نێو حزبەکانی، لەسەر دابەشکردنی هێز ودەسەڵات وسەروەت بووە، لەمەشدا نەک هەر نەگەڕاونەتەوە بۆڕای خەڵک، بەڵکو لەڕێگای تەوافوق و ئەگەریش بۆیان نەکرابێ، ئەوا بەهەڕەشەی سەربازی خۆیان وپارێزەرانیان لەناوچەکە وترساندنی یەکتر لەنارەزایەتی خەڵک حەلوفەسلیان کردوە. ئەمە هەلومەرجی واقعیانەی بۆژوازی وحزبەکانن کەلەناو دەسەڵاتدان.

لەم هەلومەرجەدا ڕێگا چارە بۆقەیرانی ئابووری ونانی سەرسفرەی خەڵک، بەوەڵامدانەوە بەقەیرانی سیاسی ودەسەڵاتی حزبەکانی بۆرژوازی کوردەوە بەستراوەتەوە. هەربۆیە بەهەمان بەڵگە، لەنێو ڕێزی خەڵکی ستەمدیدە وبێبەش وتەنەنات لەڕێزی هێزی وابەستە بەحزبەکانیشدا، هاوئاهەنگی وهاوپشتی لەخواست وداواکاری مافەکان وموچە ونانی سەرسفرە وشیری منداڵ، مەسەلەی لابردن ورۆیشتنی ئەم حزبانە لەدەسەڵاتدا بەئاشکرا ئاماژەی بۆدەکرێ. چونکە پاش تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەک لەباوەڕبوون ومتمانەبوونی خەڵک بەوحزبانە کۆتایی هاتووە.

### چینی کرێکار و بەشمەینەتانی کۆمە ڵگا

بۆکۆمۆنیستەکان، چینی کرێکار، رابەریکردنی خەبات وداخوازیەکانی خەڵک لەکۆمەڵگادا، یەک مەسەلەی سەرەکی وبنەڕەتیە. بەڵام لەکەلتور وفەرهەنگی سیاسی خەبات لەکۆمەڵگای کوردستاندا، وەک دیارە چینی کرێکار جێگە وپێگەیەکی گرنگی نیە. ئەگەر لەم هەڵسەنگاندنەی هەلومەرجی چێنی کرێکاردا، مەبەستێکیش لەئارادانەبی، ئەوا هەڵەیەکی گەورە لەبەردەم هەموو چالاکوانانی سیاسی وئازادیخوازان وکۆمۆنیستەکاندایە.

کاتێک دەپرسین، ئەم هەموو شار وتەلارە گەورەی سەرمایەداران وڕێگاوبان وتونێلانە کێ دروستیکردوون؟ دەڵێن، موهەندیس وکۆمپانیای تورکی وئێرانی دروستیکردوون. ئیتر ناوهێنانێک لەکرێکار نیە. تەنانەت باسێک لەلانیکەمی کرێ وبیمەی بێکاری ویاسای کار ومۆڵەت و پشوو، گرێبەستی کار لەگۆڕدا نیە.

کۆمپانیاکانی گواستنەوەی مرۆڤەکان، کەکرێکاران لەووڵاتانی دیکەوە دێنن بۆکارکردن لەکۆمپانیاکانی بیناسازی یا کاری هۆتێل وچێشتخانە وبارەکانی شەوانە وکرێکاری (خزمەتگوزاری) ناوماڵە بۆژوایەکان و ووردەبۆژوازیە پێگەیشتووەکان...، پاشان پێیان دەفرۆشن، لێکچوونێکی زۆری هەیە لەگەڵ بازاڕی کۆیلە فرۆشانی سەردەمی کۆن. بەڵام ئەمە جێگا وپێگەی واقعی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارنیە لەکۆمەڵگای کوردستاندا.

لەکوردستان سەدەها هەزار کرێکار لەناوەندە پیشەسازیە گەورەکانی وەک کۆمپانیاکانی نەوت، بیناسازی وکارگە گەورە وبچووکەکانی وەک چیمەنتۆ وکارگەکانی ناوماڵان، کرێکارانی گواستنەوە وگەیاندن وخزمەتگوزاریەکانی ناوشار ونەخۆشخانەکان کاردەکەن. بەڵام چینی کرێکار تەنیا ئەم بەشە نیە. کرێکارانی کاتی و وەرزی، هێزی فراوانی بێکاران، ژنانی ناوماڵ، هەژارانی دەوروبەری شارەکان، دەسفرۆشانی سەرشەقامەکان، سواڵکەران ولەشفرۆشان ... یش دەکرێ بۆ ڕێزی چینی کرێکار زیاد بکرێ.

هەروەها دەتوانرێ کرێکارانی هاتوو لەووڵاتانی عەرەبی وئەفریقا و وڵاتانیتری هاوسێ، کەدەکرێ پێیان بوترێ کرێکارانێک کەلەنێو شەقامەکانەوە بەدوای گوزەرانەوەن، هەموو ئەمانەش دیسانەوە بۆسەر چینی کرێکار زیاد بکرێ. هەروەها مامۆستایان وفەرمانبەرانێک کە مووچەیەکی کەمیان هەیە ئەوانیش بۆ چینی کرێکار زیادبکرێت. هەڵسوراوانی کرێکاری وسیاسی وئازادیخوازان وکۆمۆنیستەکان، بەیەک حسابکردنی پەنجەکانی دەستیان دەتوانن نیشانی دەن، کەئەندامانی چینی کرێکار وبەشمەینەتان وبێبەشانی کۆمەڵگا وخێزانەکانیان خۆی لەڕێزی چەند ملیۆنی دەدات.

مەسەلەو دڵەڕاوکێ وهەوڵی ڕۆژانەی ئەم ڕێزی ملیۆنیە لەهەژار وبێبەشانی کۆمەڵگا، کێشەی

←

## کوردستانی عراق کاتیک سیاست....

بژێوی و خانوبەرەو کارو بەدەست هینانی دەرامەتێکی مەمرە ومەژیە، بۆخۆیان وخێزانەکانیان. بەڵام هەروەک لەپێشەوە ئاماژەم پێکرد، لەفەرهەنگ وسیاسەت ودەروونناسی خەڵکی کوردستاندا، بەبۆرژوازیەکەشیەوە، هەموو ئەم هێزە لەبەشمەینەتانی کۆمەڵگا، بەبەشێک لەچینی کرێکار ئەژمار ناکرێن.

هەموو ئەمانە لەفەرهەنگی سیاسی کۆمەڵگاداو لەوانەش بۆژوازی کورد بە" میللەتی کورد"، "نەتەوەی کورد" و"کوردەکان" وشتی لەم جۆرە ناودەبرێن. ئەمە کڵاوێکە کەبۆژوازی کورد، نەک تەنها لەکوردستانی عێراق بەڵکو لەهەموو ناوچەکە، دەیخەنە سەری خەڵکی نەدار وبێبەشان. نزیکەی چارەکە سەدەیەکە، ئەم هەلومەرجە فریوکارانەیەی"کوردایەتی" بۆتە سەرچاوەی خێروبێرێکی گەورە بۆبۆژوازی کورد لەکوردستانی عێراق وبەهۆیەوە سەروەتێکی گەورەیان پێکەوەناوە.

بەداخەوە ئەم هەلومەرجە تاوەکو ئێستا لەناورێزی چینی کرێکار وبێبەبەشان وهەژاری کۆمەڵگادا، کەمترین هاودەنگی وهاوپشتی ونزیکایەتی وپەیوەندی چینایەتی دروست نەکردوە.

١٧ی شوباتی پێشوو، تارماییەکی بچووک ولاواز لەم هاوچارەنووسیەدا خۆی نواند، بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕێکخراو وڕێبەرایەتیەکی یەکدەست، لەناو کرێکاران وبەشمەینەتانی کۆمەڵگادا، ئەو بزووتنەوەیە سەرکوت وبێدەنگ وبەلارێدابرا. ئەمرۆ بۆجارێکیتر، هەمان دەردی هاوبەش، خەڵکی هەژار ونەدارانی کۆمەڵگای لێک نزیک کردۆتەوە ویەکدەنگی کردوون. ئەمە سەرەتا ودەسپێکردنێکی باشە. بەڵام تەنیا دەستپێکێکە.هاودەنگ بوون لەدەوری خواستێکی هاوبەش وسەراسەری وەک مافی مووچەی نەدراوی بێدەرەتانانی کۆمەڵگا، بەهەموو لایەنە گەورەو مرۆڤایەتیەکەیەوە، وەک خواستی یەک چینی کرێکاریش دەستدەدات، ئەمە خاڵێکی بەهێز وباشە. بەڵام سنوردارکردن وقەتیس مانەوەی بزووتنەوەی داوکاریەکان وداخوازی باشبژێوی تەنیا لەم خواستەدا، بەجیالەوەی بەزوویی وەڵامی پێدەرێتەوە یان نا؟ بۆ ئەم جولانەوەیە کارێکی کوشندەیە.

لەهەلومەرجی ئێستای کوردستان ولەئارادابوونی قەیرانی سیاسی وحکومی بۆژوازی دەسەڵاتداردا، خواستی داواکاری مووچە، تەنیا یەک ئەولەویەت، ویەک ئەرکی ئەم بزووتنەوەیە. گریمان، ئەگەر هەموویان بەشێکی ئەم داخوازیەش جێبەجێبکرێت، بەڵام گرفتی قەیرانی سیاسی ئێستاو ئەو بۆشاییەی لەدەسەڵاتدا کەلەکوردستان سەری هەڵداوە، چارەسەر ناکات. مووچە نەدراوەکان دەبێت، دەستبەجێ بدرێن. بەڵام نابێ ئەوە لەبیرکەین، کەئەگەر ئەوەش بەدی بێت، ئەوا مانگەکانی داهاتوو، ئەوگرانی وهەڵئاوسانە ئابووریەی کەلەئەنجامی دەستبەسەراگرتن ودزینی سامان وداهاتی خەڵکەوە لەلایەن چینی بۆرژوازیەوە دەستی بۆدەبرێ، چینی کرێکار وبەشمەینەتانی کۆمەڵگا دەخاتە نێو ڕۆژێکی ڕەشەوە.

خەبات وبزووتنەوە نارەزایەتیەکانی ئێستای کوردستان ناکرێ بەتەنها بەخەبات بۆمووچە ناوبەرێ. چونکە هاوکات خەبات وبزووتنەوەیەکی سیاسی گشتیە. ئەگەر چینی کرێکار وهەموو هاوپەیمانانی لەنێو ڕیزی بەشمەینەتانی کۆمەڵگادا لەم مەیدانە سیاسیدا هێزی خۆیان نەنوێنن، وەتەنیا چەند داوایەک لەحزبەکانی دەسەڵات بکەن، ئەوا دانی موچەکان وەک مەرهەمێک دەدرێ لە برینە قوڵەکانی ئەمرۆیان، چەند هەفتە ومانگێک ناخیانێت. دووبارە کۆنە برینی بۆگەنبووی هەژاری ونەداری وگرانی وبێکاری، دەم دەکاتەوە وژیان وگوزەرانی خەڵک، لەگەڵ داهاتوویەکی ڕەشتر بەرەوڕوو دەکاتەوە.

سەرەرای خواستی نانو بژێوی، کەلەئێستادا خۆی لەخواستی دانی موچە نەدراوەکاندا دەنوێنێ، مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسی ودامالینی حزبە بۆرژوازیەکان لەدەسەڵات، بۆتە سەرەکیترین خواست وداوای چینە دەستەنگەکان و بەکراوەیی لەسەر مێزی کۆمەڵگا دانراوە. خواستی نانو ئازادی پێکەوە گرێیان خواردووە.

ئەگەر چاوەڕوانیەک هەیە بۆباشکردنی ژیان وگوزەران وخانوبەرە و...، ئەوا ئەم چاوەڕوانیە لەوەدا بەدی دێ کە خەڵکی کوردستان هەوڵەکانیان بۆ بەدەستهێنانی موچەو کرێ، گرێ بدەنەوە بەخەبات بۆ یەکلاکردنەوە دەسەڵاتی سیاسی لەکۆمەڵگادا. ئەگەر هەرئەمرۆ مووچەکانیش بدەن، ئەوا ئازار دامرکێنەرەوەیەکی کاتیە، وە ئەگەر ئازارشکێنێکی بەهێزیش بێت، هەر کاتیە ودەرمانی دەردەکە نیە. وەرگرتنی دەسبەجێی مووچە نەدراوەکان، وەکو ئازارشکێنێکی کاتی کەبتوانێت، دەردی نەبوونی وهەژاری دواکەوتنی کرێ و... کەبەرۆکی بەکۆمەڵگای کوردستان گرتووە، بۆیەک ڕۆژ وهەفتە ومانگیش بێت، ئەوا پێویستیەکی حەیاتی وزەرورە. بەڵام دڵخۆشبوون بەئازارشکێنی کاتی، ملدانە سارێژنەکردنی برینەکان، ودەستەوەستانە بەرامبەریان. ڕیشەی دەردەکانی ئەمرۆی کۆمەڵگای کوردستان خۆی لەچارەسەرکردنی کێشە سیاسی وکۆمەڵایەتی ودیاریکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا دەبینێتەوە. لەدەخالەتکردنی ڕاستەوخۆی خەڵک لەدیاریکردنی چارەنووسی خۆیان ورازی نەبوون بەسارێژکردنی کاتی ئەوبرینە قووڵانە دایە، کەماوەی چارەکە سەدەیەکە، وەک خۆرە بەربوونەتە گیان وقووت وژیانی خەڵک وئەوکۆمەڵگایە دەخۆن. قەیرانی دەسەڵاتی ئەمرۆی بۆرژوازی کورد، ئەنجامی، هەموو ئەو دزی وگیرفان پڕکردنانەیە، کەئەو حزبانە وەکو گەنە دڵۆپ دڵۆپ خوێنی خەڵکی دەمژن.

هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستانی عێراق بەجۆرێکە، کە باڵادەستان ناتوانن حکومەت بەڕێوەبەرن، وژێردەستانیش دەسەڵات وحکومەتی ئەوانیان ناوێت.

### ریزی شێواوی چینەکان

کوردستان بەڕواڵەت، کۆمەڵگایەکی حزبیە. بەڵام، ئەوە بۆژازیە کە حزبیە، بەکردەوە بەشێکی خەڵک بەسەرئەم حزبانەدا بەشبوون. هەرئەم بەشە لەخەڵک، وەک لەشکرێکیان لێهاتووە، وبوونەتە داردەست وئامرازی حزبەکان، بۆئەوەی پێیان بگاتە ناوپەرلەمان لەهەولێر، وپشکی خۆیان لەکورسی وەزارەتەکان وبازرگانی ودەستگرتن بەرسەر موڵک وپارە وزەوی وداهاتی گومرگەکان وبەرهەمی نەوت وبازرگانی کردن بەخانوو ونان وگوزەرانی داهاتی کۆمەڵگا کاردەکەن.

بێ بەڵگەنیە، کەبەرهەمی دەستکەوتی چارەکەسەدەیەکی، ڕەنج وماندووبوونی کاری کرێکار ومامۆستا وپێشمەرگە وملیۆنەها خێزانی بەشمەینەت لەکۆمەڵگایەکی پڕ لەسەروەت وسامان وپارە، ئێستا لەسەرەتایی ترین پێویستیەکانی ژیان وگوزەرانی وەک( ئاوی خواردنەوە، وکارەبا، ونان وخانوو دەرمان) بێبەشن.

ئەگەر تادوێنێ ئەندامەتی سیاسی وسەربازی لەناو حزبەکاندا قازانج وسوودێکی هەبوو، ئەوا ئەمرۆ ئەوەش نەماوە. چینی بۆژوازی وحزبەکانی کەنوێنەرایەتیان دەکەن، بەئاشکرا لەگەڵ چینی بەشمەینەتان لەبەرامبەر یەک وەستاونەتەوە.

لەم کۆمەڵگایەدا، ناسنامەی درۆینە وهەڵخەڵەتێنەرانەی قەومی کوردی، وناسنامەی ئەم حزب وئەو حزب وئەم بەش وئەوبەشی بۆژوازی قەومی وئیسلامی، بەپێناسی ئاڵای قەومی وئیسلامی کوردی کۆمەڵگا هەڵکراوە لەسەرشانی قوتوو ژیان وحورمەتی مرۆڤەکان ڕاوەستاوە. بەبێهێنانەخوارەو ولابردنی ئەوئاڵایە، کۆمەڵگای کوردستان، بەکرێکاری کانەکان وکۆمپانیاکانی نەوت وگواستنەوە وگەیاندن وخزمەتگوزاری ناوشارەکان ومامۆستایان وپەرستاران وپێشمەرگە و مناڵانی سەرشەقامەکان وهێزی بەرینی زەحمەتکێشان وکەمدەرامەتان و شوفێرانی تاکسی ودەستفرۆشان وکرێکارانی ڕۆژ ڕۆژە وبێکاران وژنانی ناوماڵ وسواڵکەر لەشفرۆشان...تاد خۆشگوزەرانی بەخۆیانەوە نابینن.

بەبێ ناسنامەی ئینسانی لەدژی ناسیۆنالیزمی کوردی، ولەدژی ئیسلامی فاسد وگەندەڵ، ولەدژی پیاو سالاری فرەژنی ولەدژی هەژاری ودەستکورتی وبێدەرەتانی، کۆمەڵگای کوردستان نابێتە کۆمەڵگایەکی ئینسانی وئازاد وخۆشگوزەران، وەچەند ملیۆن لەمرۆڤەکانی لەهەژاری ونەبوونی وژێردەستەیی ڕزگاریان نابێت.

ناسیۆنالیزم وکوردایەتی، چارەکەسەدەیەکە، بێبەشان وبێدەرەتانانی کۆمەڵگای کوردستانی ژەهراوی کردووە، وسنووری چینایەتی کرێکاران وبێبەشان وستەمدیدانی لەگەڵ بۆژوازی کورد شێواو وتێکەڵاو کردووە.

"کورد" بوون و"کوردایەتی" تێکەڵ بەناسنامەیەکی هەمەلایەنەی ئینسانی وچینایەتی بووە وکۆمەڵگای خستۆتە ژێرکاریگەری خۆی وکاریگەری لەسەرهەیە وژەهراوی کردوە.

ئێستا فەرهەنگی کۆمەڵگا، فەرهەنگی چینی دەسەڵاتدارە. بۆژوازی بۆرژوازی کورد فەرهەنگی پیاوسالاری دژەژنی ومەزهەبی بۆکۆمەڵگای کوردستان بەدیاری هێناوە وکۆمەڵگاشی بەوفەرهەنگە نائینسانیە تووشی ڕۆژڕەشیکردوە.

بۆرژوازی کورد، سەرەڕای ئەوەی ژن وگیانی ژن وەک موڵک وناموسی خۆی دەناسێنێ وبەڕاپەڕاندنی کارەخزمەتگوزاریەکانی خێزان وناوماڵ دەیناسێنی. ژنانێکی زۆری کرێکار ومهاجر لە وولاتانی دیکەوە هێنراون ووەکو

**کوردستانی عراق کاتیک سیاست....**

لەشفرۆش قومارخانە وبارەکانی شەوانە وشوێنی لەشفرۆشی ئاشکرا، کەهێزی(ئاسایش)ی سەربەو حزبانە چاودێریان دەکات، وەخزمەتیان پێدەکەن. ناموسپەرستی وکوشتنی ژنان بەناوی ناموسپەرستی لەکوردستان وەک ئەختەبووت چنگیان خستۆتە ناو ژیانی ژنان لەکۆمەڵگای کوردستان وسەلامەتی وئینسانیەت وئەمنیەتی ژنانیان ڕۆژانە تێکداوە.

تێکەڵاوکردنی ڕیزی چینایەتی لەکوردستان، ڕێگای بۆ بۆژوازی کورد کردۆتەوە کەبەشێکی زۆری ئەم خەڵکە بێبەش وستەمدیدەیە وبەشێکی چینی کرێکار بکاتە هێزی حزبی خۆی، وئەندامی خۆی و لایەنگرو نانخۆر وپێشمەرگە وپۆلیسی خۆیان بەکاری بێنن.

یەکێک لەهۆکاری مانەوەی دەسەڵاتی حزبە بۆرژوازیەکانی کورد ئەوەیە، کەبەشێک لەخەڵک وابیردەکەنەوە کەوەستانیان لەپەنای یەکێک لەوحزب وگروپ وهێزانەی حاکم، دەتوانن نان وگوزەران وخانوویان بۆفەراهەم مسۆگەر بکەن. پێشمەرگە وپۆلیس وئەندام ولایەنگرانی حزبە جۆراوجۆرەکان لەم بەشە کۆمەڵایەتیەدان.

پێشمەرگە وپۆلیس وتەنانەت ئەفسەرە بچووکەکان وسەربازان فەرمانبەری کاتین، هەواڵگرو مەئموری دەسەڵات نین. پێشمەرگە کەسێک نیە کەماوەیەک بۆسەربازی زۆرەملێ بچێت وبگەڕێتەوە. ئەمانە هێزی سەربازی حزبن ولەماوەی ژیانیاندا لەخزمەتی حزبەکاندان. ئەبێ، شەڕیان بۆبکەن ودەنگیان پێبدەن لەهەڵبژاردنەکان ودەسەڵات وسەروەت وسامانیان بپارێزن. سەروەت وسامانێک کەخۆیان لێێ بێبەشن. ملیشیای حزبەکان، بەشێک لەبێبەشانی کۆمەڵگا وکوڕی ئەوخەڵکەن یاخودی ئەوخەڵکەن ئەمڕۆ سفرەی منداڵەکانیان بەتاڵە ومنداڵەکانیان بەبێ شیری ووشک لەچاوەڕوانی لەناوچوونن. خەڵکێکن لەژێرسایەی هەرناوێک بێێت، پێیان وایە لەژێرسایەی ئاڵای ئەوحزبانەدا نان وژیان وگوزەران وحورمەت وخانوویان پارێزراو دەبێت. بەڵام چارەکە سەدەیەکە دەسەڵاتی ئەم حزبانە نیشانی داوە، کە ئەم چەتر وسایەیە فریوکارانە وهەڵخەڵەتێنەرانەیە. ئەم حزبانە تەنانەت لەخەمی ئەندام ولایەنگرانی خۆشیان نین بەوەفا نین بۆیان.

ئەمە لەخراپی جۆری ئەوحزبانە نیە، بەڵکو تایبەتمەندی سەرمایەداری وچاوچنۆکی سەرمایەدارو قازانج پەرستانەیەتی ئەمە دەخوازێت. وەتایبەتمەندی کۆمەڵگای چینایەتیە. کۆمەڵگایەک کەزوربەی دانیشتوانەکەی بەشێکن لەچینی کرێکار ولەخزمەتی کەمایەتیەکن بەناوی چینی بۆژوازی.سووربوونی بۆژوازی لەسەردەسەڵات وسەروەت، بەنرخی تێداچوونی کرێکار وزەحمەتکێشان وستمدیدە وبێبەشان وژنان...تاد بەردەوام وبێ وەستانە.

چینی ژێردەست وهەژار وستەمدیدە، دەبێت ڕیزی خۆیان لەڕیزی بۆرژوازی جیابکەنەوە بەڕیزی چینی ملێۆنی خۆیانەوە پەیوەندی بکەن.

دابەشبوونی خەڵک بەسەر ئەوحزبانەدا، دەتوانرێت کۆتایی پێبهێنرێت. ناسنامەی (کوردایەتی) کەخۆی لەوێنەی وەرەقەی ئەندامەتیو دۆستایەتی لەپەیوەند بەم حزب وئەو حزبی بۆژوازی وئیسلامی، پێشمەرگایەتی بۆحزبەکانی بۆژوازیە چاوچنۆک ودزەکانی سەروەت وسامانی کۆمەڵگا، دەتوانرێت جێگەوڕێگای خۆی بگۆڕێت بەناسنامەی ئینسانی سەربەخۆ وبەرئیرادە وپشتبەستن بەخۆ بدات. ئەم بەشەی کۆمەڵگا کەلەگەڵ حزبەکانی ناودەسەڵاتدان، دەتوانرێت بگەڕێتەوە ناوپێگە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیان.

کرێکارانی لەسەرکار، زەحمەتکێشان، دەستفرۆشان، کرێکارانی وەرزی، بێکار، پێشمەرگە، مامۆستایان، سواڵکەران، پەرستاران، هەژاران ولەشفرۆشان...تاد هەموو یەک بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە. ئەگەر قسە لەسەر هاوچارەنووسی ودۆستایەتی ونزیکایەتیە، ئەوا هەموو ئەمانە یەک قازانج وبەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە. گەڕانەوەی ئەوبەشە لەچینی کرێکار وچەوساوەکانی ناو ودەوروبەری حزبە بۆژوازیەکان، بۆناوڕیزی چینیایەتی خۆیان، کۆڵەکە و ژێرپێی حزبە بۆرژوازیەکان بنکۆڵ دەکات، ودەگاتە لێکترازانی ڕیزی ئەوحزبانە.

ئەگەر ئەمە ڕووبدات، ملیۆنێر وملیاردێروسەرانی سیاسی وخاوەن کۆمپانیا ودۆلار ودینار وخاوەن کۆشک وشارۆچکە وکۆمەڵگە نیشتەجێیانە کەتاچاوبڕکا بەرزکراونەتەوە ودیارن، هەموو جەنەڕاڵە ئابووری وسیاسی وسەربازیەکان بەبێ کرێکار وبێ ئەندام ولایەنگران وبێ پۆلیس وپێشمەرگە دەمێننەوە.

ئە گە ر بیتو روداوێکی ئاوا روبدات، میلیونیرە کانو میلیاردیرە کانو ریبەرانی سیاسی و عەسکە ری حزبەکان و شە ریکە کان و دولارو دینارە کانو ساحیبانی کوشکە کانو شە هرە کە کانو ئە و هەموو مولڵکە دەسهت نەسەراگیرکراوانەی تاچاو هەتەر دەکات دیارن، هەموو جەنراڵەکانی ئابوری وسیاسی و نیزامی بەبێ کریکار، بێ ئە ندامو لایە نگرو بێ پۆلیسو پێشمەرگە دەمێننەوە. هەر ئەوان خۆیان و سەروەتەکانیان، کەهی خۆیان نیە، دەمێنێتەوە و دەبێ بیدەنە دەست کۆمەڵگا و بیگەڕێننەوە بۆ خەڵک.

## بزووتنەوەی برسیەکان

بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆی کوردستان، بزووتنەوەیەکی کرێکاری وکۆمۆنیستی نیە. بزووتنەوەی هەموو زەحمەتکێشان وکەمدەرامەتی قەراخ شارەکان وبێدەرەتانانە. هێزی گەورە و فراوانی کۆمەڵایەتیەکە، لەشکری ڕێکخراوی پێشمەرگەوە بیگرە، تاوەکو دەگاتە ئەوانەی لەکارگە گەورە وبچووکەکان وخوێندنگا ونەخۆشخانە وفەرمانگە وگەڕەکە هەژارنشین و وقەراخ شارەکانی هەولێر وسلێمانی ودهۆک...تاد کاردەکەن وگوزەران بەسەردەبەن دەگرێتە خۆ. کۆمەڵی کەنارکراوەکانی کۆمە ڵگا، ئەوانەی بێداهات وکەمدەرامەتن، وخاوەنی کارێکی باش یان پیشەیەکی تایبەت نازانن، ولەناو کۆمەڵگادا پێگەیەکی زۆر لەخواریان پێدراوە، وهەلومەرجی گوزەرانیان نالەبارە، وەک حەمباڵ وهەموو ئەوانەی لەسەر شەقامەکان دەستفرۆشی وبەدیار عارەبانەکانەوە سەوزە ومیوە وخواردنی ووشک وکەلو پەلی کۆنە دەفرۆشنەوە، بۆبەدەستهێنانی قوتی خۆیان وخێزانیان، ئەمڕۆ دەتوانن ودەبێ بێنەوە ناو کۆمەڵگا وبەبزووتنەوەکەیەوە پەیوەستبنەوە. ئەمانە ناتوانرێت لەشەقام وگەڕەک وکۆڵانەکان کۆکرێنەوە وسەرکوت بکرێن.

ئەم گروپ وکۆمەڵە کۆمەڵایەتیە بەڕواڵەت پەرش وبڵاوانە ، دەکرێت لەژێر سایە وچەتری بزووتنەوەی بێبەشان وبرسیاندا کۆبکرێنەوە. تۆڕی هەڵسوڕاوانی دەستفرۆشان، کرێکارانی سەرکار، بێکاران، ژنانی ناوماڵ ولاوانی بێکار وبێدەرامەت، خوێندکارانی دەرچوو وبێکار بەگەڕ بخرێن، وبکرێنە ئەڵقەی لەیەک نزیک وپێکەوەگرێدراوی بێبەشانی پەرش وبڵاوی کۆمەڵگا، بەو بزووتنەوەیەی ئێستا.

لەڕاستیدا، بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی وجەماوەری ئەمڕۆی کوردستانی عێراق، بزووتنەوەی برسی وبێبەشان وستەمدیدەکانن. بزووتنەوەیەکە بێبەشە لەڕابەرایەتیەکی یەکدەست وبێبەشە لەڕێکخراوە سەربەخۆ وکرێکاری وکۆمەڵایەتیەکانی.

داخوازی مووچە نەدراوەکان، زنجیرێکە دەتوانێت هەمووبەشەکانی ئەم بزووتنەوەیە پێکەوە ببەستێتەوە وگرێیان بدا. بەڵام ئەمە بەمانای دابینکردنی ڕابەرایەتیەکی یەکدەست وسەراسەری بزووتنەوەکە نیە. ڕابەرایەتی کردنی بزووتنەوەی ئێستا، بەهەڵبژاردنی ناو دڵی ئەم یان ئەوبەش وگروپی کۆمەڵایەتی دروست نابێت. پێکهاتەی ئەم ڕێبەرایەتیە بەهەرئەندازەیەک لە کرێکار ومامۆستا وپەرستار ودەستفرۆش ولەشفرۆش پێک هاتبێت، هێشتا گرنگیەکی ئەوتۆی نیە. ئەم ڕابەریە لەهەموو بەشەکان پێکهاتووە. خۆڕسکە. لەدڵی خەبات وبزووتنەوەکە هەڵقوڵاوە ودەبنە ڕابەر وقسەکەر وهەڵسوڕاوانی بزووتنەوەکە. ئەم ئینسانانە، بەهەرتوێژ وبەشێکی کرێکار وخەڵکی بێبەشەوە پەیوەستیان هەبێت، ڕابەری یەکدەست وسەراسەری بۆبزووتنەوەکە مسۆگەر دەکەن. لەباشترین وئومێدەوارترین حاڵەتدا، کۆمۆنیستانی ڕیزی کرێکاران وخەڵکی ستەمدیدەی کۆمەڵگا، ئەگەر بەشی ڕابەری سەراسەری وناوخۆیی وشارەکان دروستبکەن، ئەوا هەلی سەرکەوتن مسۆگەرتردەبێت.

هەبوون وسەرهەڵدانی ڕابەرایەتیەکی خۆڕسک وڕادیکاڵ وسەراسەری، بزووتنەوەکە لەدەست تێوەردان ونفوزە نابەجێکانی حیزبە بۆژوازیەکان دەپارێزێت. لەم بزووتنەوەیەدا، جێگایەک نیە بۆحیزبە دەسەڵاتدارەکان ونوێنەرانیان. هێزی ئەوحیزبانە، چ پێشمەرگە یا پۆلیس یا ئەندام ولایەنگرانی ئەو حیزبانە، بەجیا لەئەرکی حیزبیان، وەک ئەندامی بەشمەینە وستەمدیدەی کۆمەڵگا، دەتوانێت ببێتە بەشێک لەو بزووتنەوە یە و بگۆڕێت بەهێزی بزووتنەوەکە.

بەرپاکردنی بزووتنەوەی شورایی، هەنگاوێکی گەورەیە بۆڕێکخستن ویەکدەستکردن وسەراسەریکردنی خەبات وبەرەوپێشبردنی بزووتنەوەی برسیەکان. ڕابەرایەتیەکی سەراسەری بزووتنەوەکە، بەبێ پاڵپشت وپشتیوانیەکی ڕێکخراو وکۆمەڵایەتی، کەبریتی بێت لەشورای کرێکاران وزەحمەتکێشان وخەڵک لەشوێنی کار وژیانیان لەگەڕەکەکان، سست وڕەنگە توشی تەگەرە وکێشە بێت ونەتوانن خۆڕاگرن.

ڕابەرایەتیە خۆڕسکە سەراسەریەکان، بەبەرپابوونی شورای کرێکاران

**کوردستانی عراق کاتیک سیاست....**

وزەحمەتکێشان، جێگای خۆیان دەدەن بەنوێنەرانی هەڵبژێردراوی شوراکان. ئەمە تەنیا ڕێگای پێشڕەو وئومێدبەخشی یەکلاکەرەوەیە بۆبزووتنەوەی برسیەکان لەکوردستانی عێراق.

هەڵەیەکی گەورە وکەمەرشکێن، کەڕابەرایەتی ئەم بزووتنەوەیە بیکات، ئەوەیە قۆناغ دابنێیت بۆبزووتنەوەی خەڵکی ستەمدیدە وبێبەشان. بۆنمونە بڵێیت، لەهەنگاوی یەکەمدا مووچەکانمان وەردەگرین، وپاشان قسەلەسەر سیاسەت دەکەین. ئەم تاکتیکە لەبەقۆناغکردن بۆبزووتنەوەی خەڵکی کوردستان، لەم هەلومەرجە قەیراناویە سیاسی ودەسەلاتیەی ئێستادا، ماڵوێرانکەر وکوشندەیە. لەهەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستانی عێراقدا، وەرگرتنی مووچە، پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ وجیانەکراوەی هەیە بە کێشەی دەسەڵاتی سیاسی.

لەبەرامبەر بەرەوپێشچوونی هێمنانە وقۆناغ بەقۆناغدا، کەدەڵێ ئەمڕۆ مووچە وسبەی ئازادی، ڕەوتێک هەیە کەلایەنگری ئاڵۆزی وشەڕوتوندوتیژی سەرشەقامەکانە. ئەم ڕەوتەش هەمان ڕووی یەک دراوە و خراپ وزەرەردارە. بزووتنەوەی نارەزایەتی ئەمڕۆی کوردستانی عێراق دەتوانێت، ببێتە بزووتنەوەیەکی زۆر ڕێک وپێک وکۆنترۆڵ کراو وهەستکردن بەبەرپرسیاریەتی وبەبەرنامە ونەخشەی دیاریکراوی بێت. نەک بزووتنەوەیەک بەتاکتیکێکی محافەزەکارانە وناسیاسی، کەڕەنگە مووچەکانیش نەتوانێت وەرگرێت، یا بەتاکتیکێکی خراپ وزەرەرمەند وشەڕانگێزوشەڕی سەرشەقامەکان، بزووتنەوەکە توشی زەرەرێکی گەورەبکات.

کێشەی بەقۆناغکردنی خەبات، لەجەرگەی مانگرتن ونارەزایەتیەکانی پاییزی ڕابردوو( ٢٠١٥) دا سەری هەڵدا. لەکاتی سەرهەڵدانی خولی یەکەمی مانگرتنەکانی مامۆستایان لە پاییز وسەرەتای ساڵی نوێی خوێندندا، لەگەڵ یەکێک لەیەکێک لەڕابەرانی مانگترنەکە قسەم کرد ولێم پرسی، لەئێستادا کەیەکێتی مامۆستایان هەیە وسەربە(یەکێتی نیشتمانی کوردستان)* ە ومانگرتنەکەیان شکاند وئەندامانی خۆیان کشاندەوە، ئایا ئێستا کاتی ئەوەنەهاتووە ڕێکخراوی سەربەخۆی مامۆستایان لەدڵی ئەم خەباتە ڕێکبخەن وڕاییگەیەنن؟ لەوەڵامدا بەمنی گووت" نا". کاتێکیش لێم پرسی بۆ؟ گووتی" مامۆستاکان دەڵێن "مانگرتنی ئێستای ئێمە، تەنیا بۆوەرگرتنی مووچەی دواکەوتووی ئەو ٣مانگەی پێشوە. ئێمە لەبەرخاتری پێکهێنانی ڕێکخراوی سەربەخۆی خۆمان کۆنەبوینەتەوە، تکایە مانگرتنەکەمان بەسیاسی مەکەن!

مانگرتنی مامۆستایان کۆتایی هات، مووچە دواکەوتوەکانیش نەدران وڕێکخراوی سەربەخۆی مامۆستایانیش، کەدەیتوانی یەکێتی ویەکگرتوویی خەباتی مامۆستایان، وهێنانەدی تەواوی داواکاری وداخوازیەکان، و پێشڕەویەکان تابەئەمڕۆ دەگات مسۆگەر بکات، پێک نەهات.

ئێستا ڕەنگە بەشێک لەڕابەران وهەڵسوڕاو وقسەکەرانی بزووتنەوەکە بڵێن، ئێمە تەنیا مووچە دواکەوتوەکانمان دەوێت، چ کارێکمان بەدەسەڵاتە...خەباتی ئێمە ئابووریە وسیاسی نیە وشتی لەوبابەتە.

تەنیا زەمانەتێک بۆدووبارە نەبوونەوەی ئەم هەلومەرجە ئەوەیە، کە یەکەم: سەرهەڵدانی ڕابەرایەتیەکی یەکدەست وسەراسەری، ڕابەرانێک کەلەپێشەوەی ئەم بزووتنەوەیەبن. دووەم: بەرپاکردنی بزووتنەوەیەکی ڕادیکاڵی شوورایی، کەڕابەرایەتیەکی درێژخایەنتری بزووتنەوەی برسیەکان وچینەبێبەشەکان وبەش مەینەتانی کۆمەڵگای لەئەستۆی خۆی دەگرێت. بەرپاکردنی دەسەڵاتێکی تەریب بەدەسەڵاتی مایەپوچی حیزبە بۆژوازیە دەسەڵاتدارەکان، ووورده وورده لادان وجێگرتنەویان.

گفتوگۆ وجەدەلی ئەمڕۆی بزووتنەوەی بێبەشان لەکوردستانی عێراق، جەدەلێکی چەندلایەنەیە. خۆپارێزی وبەرتەسکردنەوەی بزووتنەوەکە بەموچە دواکەوتوەکان وخۆنەدان لەڕێکخستنی دەسەڵاتێکی جێگرەوەی دەسەڵاتی هەڵوەشاوەی ئێستا، وەک ئەوەیە، کە حیزبە بۆژوازیەکان ، داوا لەخەڵک بکەی بۆئارام گرتن وقەناعەت هێنان . حیزبە بۆژوازیەکان داوا لەخەڵک دەکەن، کەبەشێک لەموچەکانیان وەک (پاشەکەوت) وەرنەگر وقەناعەت بێنن بەوەرگرتنی بەشەکەی دیکە.

دەڵێی دەکرێت، ژیان وگوزەرانمان پاشەکەوت بکرێ. دەڵێی دەکرێ برسیەتیامن پاشەکەوت بکرێ. دەڵێی دەکرێ بێ دەرمانی وچارەسەری نەخۆشیەکانمان پاشەکەوت بکرێ ولەدوای مردن سوودیان لێ وەربگیرێت!

ئەمە ئیتر ئەوپەڕی دڕندەیی وسووکایەتی پێکردنی چینێکە، کەداوا لەهەرار وبەش مەینەتان دەکات، قوتی ڕۆژانە ونانی سەرسفرەی خێزانەکانیان پاشەکەوت کەن! مەگەر دەکرێ، نانی سەرسفرەی ئەمڕۆ نەخۆیت، ولەبرسان بمری، وبۆسبەی پاشەکەوتی بکەیت!

مەگەر دەکرێ، دەرمانی ئازاری گەدە وشێرپەنجە وڕۆماتیزم وعەساب وشیری منداڵەکان بۆسبەی پاشەکەوت بکرێت. ئەوپاشەکەوتەی کەبۆژوازی لەهەژارانی کۆمەڵگا داوادەکات، دەیەوێت ببێتە پاشەکەوتێک بۆخەرجی کفن وناشتنی سبەینێێی برسی ونەخۆش ومنداڵەکان، کەهەرئەمڕۆ لەبرسانا ڕەنگە بمرن.

ئەم سیاسەتی بەخشینی قوت ومردنی بەشێنەیی کەلەلایەن حیزبەکاني بۆژوازیەوە ڕاگەیەنراوە، لەکاتێکدایە کەدەسەڵاتیان بەکردەوە مایەپووچ بۆتەوە وهەرەسی هێناوە. وەدەیانەوێت دووبارە فرسەت لەخەڵک بێنن بۆخۆکۆکردنەوە وڕێکخستنەوەی دەسەڵاتەکەیان. بەڵام کاتێک پێشڕەوی بەش مەینەتان، بەمەترسی بۆسەر دەوڵەمەندان وبۆژوازی دەگۆڕێت، ئەوکاتە، قبوڵی ناکەن وجگە هەڵکوتانە سەرخەڵکیان بۆنامێنێتەوە. بەخشینی هەرجۆرە فرسەتێک بەحیزبە بۆژوازیەکان، بەمانای کڕینی سەرکوتی بزووتنەوەکەیە لەداهاتوودا.

وەڵامی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی خەڵک وشوراکانی نوێنەرانی کرێکاران وبەش مەینەتان بەم فرسەت تەلەبانە وئەوانەی پێداویستیەکانی خەڵکیان زەوتکردوە، بۆئەو خاوەن موڵک ومال وشارە نیشتەجێکان، کەمافی بێبەشان وبێخانەولانەی کۆمەڵگان، (نا) یەکی گەورەیە.

**<u>به کورتی</u>**

ئەمڕۆ لەکوردستان داوخوازی موچە دواکەوتوەکان، بەتەواوی سیاسیە. بەتەواوی پەیوەندی بەچارەنوسی سیاسی کوردستانەوە پەیداکردوە. چارەنوسی سیاسی کوردستان، پەیوەندی بەکرێکاران وهەژاران وبەشمەینەتانەوە پەیداکردوە. سیاسەت ئەمڕۆ لەسەر شەقامەکانە. هەرلەداواکاری موچە دواکەوتوەکانەوە بیگرە، تادەگات بەدامەزراندنی دەسەڵاتی شورایی کرێکاران وزەحمەتکێشان، بۆ ئیدارەکردنی کۆمەڵگا، ونوسینی یاسای شۆڕشگێڕ سکۆلار وشارستانی هێنانەدی خۆشگوزەران وتێروتەسەل وئازادی شیاوبەئینسان.

ناتوانین لەکۆمەڵگایەکدا بژین، کەحیزب وعەشیرەت و گروپەسیاسیەکان، لەیەک کاتدا، لەدەسەڵاتدابن وخۆشیان بەلایەنگروداکۆکی کەر لەمافەکانی خەڵک بزانن! ئەمە بێشەرمیەکی گەورە وجیاوازیەکی مەرگ هێنەری باڵە جیاکانی بۆژوازی وحیزبەکانیەتی.

لەئەمڕۆی کوردستانی عێراقدا، هیچ حیزبێکی گەورە یا بجووکی شەرافەتمەندی پابەند بەهای ئینسانی وپابەند بەبنەما دیموکراتی وئازادیە سیاسی وکۆمەڵایەتیەکان خۆشگوزەرانی ئابووری بوونی نیە.هەموویان، لەم بازاڕە ئاڵۆزەدا، بەدوای بەدەستهێنانی پشکی زۆرترەوەن ، لەسەروەت ولەدەسەڵات. لەبچووکترینیان تاوەکو گەورەترینیان، تەنانەت ئەگەر بەڕواڵە لەگەڵ یەکتریش ناکۆک بن، لەماهیەتی سیاسی وچینایەتیان، هەموویان دەستیان خستۆتە کاسەی دەسەڵات وسەروەتی کۆمەڵگا. بۆرژوازی کوردستان گەندەڵترین جۆری خودی بۆروازیە. وەکو زیر وایە، لەخاک دەخوات، لەنەوت دەخوات، لەگیرفانی کرێکاری ڕۆژانە وکاتی تاکو گیرفانی کرێکارانی کارگە وکۆمپانیا گەورەکان دەخوات، تابتوانێ شارەگەورەکان دروستکات. لەداهاتی فرۆشتنی شتومەکی خەڵکی دەخوات. لەگومرگەکان دەخوات. لەوپشکە بەشەی عێراق کەبۆی دەێت، دەخوات. ئەمڕۆ بۆئەوەی دۆلارێک لەسەروەتەکەی کەم نەبێتەوە، لەنرخی شیری ووشکی منداڵانیش دەخوات!

سەرکەوتنی بزووتنەوەی برسی وبێبەشان ئەمڕۆ، بەبێ گرێدانەوەی خەبات لەپێناو مافی موچە وژیانێکی خۆش وشایستە بەئینسان، لەگەڵ خەبات لەپێناو گۆڕین بۆئەڵتەرناتیڤێکی سیاسی کۆمەڵانی خەڵک وشوراکان، لەجێگەی دەسەڵاتی داڕزیو وگەندەڵ وبۆگەن وملهوڕی ئەمڕۆ، ئیمکانی نیە! پێش ئەوەی ئەو حیزبە بۆرژوازیانەی کەدەستیانگرتوە بەسەر سەر ومال وژیانی خەڵکیدا، فەرمان بدەن بەپێشمەرگە، تەقە لەبەرەوڕووی سنگی بێبەشان وبرسیان بدەن، کەهێزی پێشمەرگە خۆیان بەشێکن لەوان، دەبێ ئەوهێزە بەهەموو چەک وتەقەمەنی وتفاقێکیانەوە بێنە ناو بزووتنەوەی ئازادیخواز وحەقخوازانەوە. ئەمە، ڕێگرە لەخوێن هەڵکێشان وشکستپێهێنانی ئەوبزووتنەوە حەقخوازیەی خەڵکی کوردستانە.

**شوباتی ٢٠١٦**

**<u>وەرگێرانی لە فارسی بو کوردی : بهزاد</u>**

## دیفاع له ئیعترازاتی خه لکی ....

نانی شه و و گیرفانی به تالی خه لکی مه حروم وه له دژی فه قیری و بی مافی موتله قی چینی کریکار، ماموستایان و کارمه ندان و ئه کسه ریه تی به رینی جه ماوه ر، بنچینه ی ده سه لاتی ناسیونالیسته کانی کوردی له رزاندووه.

ئه مرو و له کاتیکدا ئه قه لیه تی بورژوازی سه رمایه یه کی زوری خسته وه ته گیرفانی خوی و له هه لو مه رجیکدا که داهاتی رابه رانی ئه حزابی ناسیونالیستی کورد له میلیاردها دولار تیپه ر ده بی، ئه کسه ریه تی خه لکی کومه لگا له کریکار و ماموستا و کارمه ند و ...، چه ند مانگ کری و حقوقی مانگانه یان وه ر نه گرتوه و بو نانی شه و موحتاجن! برسیه تی و فه قر هه ره شه له گیانی مندالان له کوردستان ده کات. میلیونها ئینسانی کومه لگا یانی که سانیک که به رهه م و سه روه ت و داهاتی کومه لگا له سه ر شانی ئه وان پیک دیت، خویان بو پارو نانیک ده نگی ئیعترازیان به رز کردوه ته وه.

راده ی فه ساد و تالان و بروی ده سه لاتدارانی بورژوا و هاوده ست و هاوکارانی جوراوجوریان به جیگایه ک گه یشتوه که ئیتر هیچ په رده یه ک له شه رمی نه هیشتوه ته وه و ته نانه ت خویان ئیعترافی پی ده که ن. ئه مرو هه ر کریکار و ماموستا و لاویکی ئازادیخواز، پووچی و گالته جاری براده ری خه لکی کورد زمان و مه نفعه تی هاوبه شیان، وه کوو عه وامفریبی یه ک به گوشت و ئیسک هه ست پی ده کات. ئه مرو و له هه ل و مه رجیکدا که راده ی ئیعترازی بی به شان هه موو کومه لگای کوردستانی گرتوه ته وه و ئیدامه ی ده سه لاتی ئه حزابی بورژوازی کوردی تووشی مه ترسی کردوه، جاریکی تر دوو بالی هه مان سیسته می ده سه لات وه ک ره وتی "گوران" و حیزبی "یه کگرتووی ئیسلامی" که توونه ته پل و پا هه تا به ناوی ره خنه گری له ده سه لاتیک که خویان تیایدا شه ریکن، ئیعترازی به رحه قی خه لک بو ئازادی و خوشگوزه رانی و ژیانیکی ئینسانی بکه ن به ده سمایه ی سات و سه ودا له گه ل ئه حزابی تری ده سه لاتدار. هه ول ئه ده ن تیژی ئیعتراض و ناره زایه تی خه لک له فه قر و فه لاکه ت و له دژی ته واوی ده سه لات، ته نیا به ره و رووی یه کیک له حیزبه ده سالاتداره کان یانی حیزبی بارزانی بکه نه وه. وه خویان له ژیر توند و تیژی ئیعترازی خه لکی به به ش ده رباز بکه ن و گیانی سالم به ده ر ببه ن.

سه رکه وتنی خه لکی زه حمه تکیشی کوردستانی عیراق و دابین کردنی لانی که می داخوازه کانیان و پیش گرتن له به لاری بردنی دوباره ی ناره زایه تیه کان له لایه ن ئه حزابی بورژوایی، له گره وی ئه وه دایه که کمونیسته کان، کریکاران و رابه رانیان وه ئازادیخوازانی کومه لگا، له ته جروبه کانی تا ئیستایان له کیشمه کیش له گه ل بورژوازی حاکم ده رس وه ر بگرن و خه لکی له ده ور وشیار بکه نه وه و خویان ریبه رایه تی ناره زایه تیه کان وه ئه ستو بگرن وه ترازوی هیز به قازانجی خویان بگورن. بی گومان، سه رکه وتنی خه باتی خه لک له گره وی راده ی وشیاری و ریکخراوبون، پاراستنی سه ربه خویی ریزی ئیعترازی خه لک و پشت به ستن به رابه رانی واقیعی و نوینه رانی هه لبژیردراوی خویان وه دابین کردنی ئاسوی سه رکه وتن بو به دیهاتنی ئازادیه سیاسیه کان، سه ندنی فه وری ته واوی حقوق و مانگانه ی وه دوا که وتوو و ئیمکاناتی ریفاهی و سه لماندنی به بورژوازی کورد و گورانی ترازوی هیز به قازانجی چینی کریکار و زه حمه تکیشان و بی به شانی کومه لگا بو به ده ست هینانی سه رکه وتنی زورتره!

**خه لکی زه حمه تکیشی کوردستانی ئیران!**

**کریکاران، ئازادیخوازان!**

برسیه تی به شیکی زوری خه لکی کوردستانی عیراقی تووشی مه ترسی کردوه. له کوردستان که سه روه تو سامانیکی زور لای ئه قه لیه تیکی بورژوا کو بوته وه، مندالانی خیزانه کریکاریه کان و تویژی زه حمه تکیش بو شیروشکیک داماون.

خه لکی کوردستانی عیراق له دژی فه قر و بی به شی له راده به ده ر که له لایه ن ده سه لاتدارانی ناسیونالیستی ناو "ده وله تی اقلیمی کوردستان" به سه ریاندا سه پاوه، له سه ر تاسه ری کوردستان ده ستیان داوه ته ئیعتراز و ئیعتصاب و خوپیشاندان...

به رگری له م خه باته بو ژیانیکی باشتر و شیاوی ئینسانی، ئه رکی ئیه مه یه. ئیوه له هه ل و مه رجی جوراوجور له خه لکی ئاواره ی ئه م ناوچه دیفاعتان کردوه. له خه لکی شنگال و کوبانی ... دیفاعتان کردوه. ئیستا که برسیه تی هه ره شه له ژیانی خه لکی کوردستانی عیراق ده کات، به هه رشیوه یه ک بوتان ده کریت له م ئیعتراز و خه باتی ئینسانی و شه رافه تمه ندانه یه، دیفاع بکه ن. ئیوه دوینی له دژی داعش و ده وله تی تورکیا و بو هاوپشتی له گه ل کوبانی و شنگال ده نگتان به رز کرده وه. ئیستا حیزبی بارزانی و طالبانی و گوران و یه کگرتوی ئیسلامین که گیان و مالی خه لکیان خستووته مه ترسیه وه. ئه رکی ئینسانی و ئازادیخوانه ی هه موانه که له دژی ئه و حیزبانه و بو به رگری له ژنان و لاوان و مندالان و خه لکی کریکار و زه حمه تکیشی ئه م ناوچه یه هه ستن.

**کریکاران، خه لکی ئازادیخواز!**

25 سال ته جروبه ی "ده وله تی کورد" له کوردستانی عیراق، بی ناوه روکی و بی ئه ساس بوونی "قازانجی هاوبه شی کورده کان" یان " براده ری کریکار و بورژوای کورد" وه هاوچاره نووسی چینه کانی جوراوجوری کومه لگا به ناوی "کورد" ی له به رچاوی هه مووماندا نیشان داوه. ئه م حقیقه ته، جاریکی تر ئه و حوکمه بنه ره تیه ی کومونیسته کان نیشان ئه دات که، بورژوازی چاک و خراپ مان نیه. ته جروبه ی ده سه لاتی ئه حزابی مسلحی ناسیونالیستی کورد و ده وریان له چه وساندنه وه ی له راده به ده ری چینی کریکار و زه حمه تکیشانی کوردستانی عیراق ، ده ور و نه قشیان له تیرور و کوشتنی ژنان ، له سه پاندنی فه قر و بی حقوقی کاملی به ئه کسه ریه تی خه لک، حقیقه تی کومه لگای چینایه تی که تا ئیستا ئیمه کومونیسته کان وتومانه و ته ئکیدمان کردوه به هه موان ده سه لمینیت.

حه قیقه تیک که به روونی ده لیت، ئیمه کریکاران و بی به شانی کومه لگا ته نیا به یه کگرتوو بوونی خومان و سه ربه خو له هه ر دین و مه زهه بیک که هه مانه یان نیمانه، سه ربه خو له هه ر زمانیک که قسه ی پی ده که ین وه هه ر ره نگ و نژادیک ...، له به رانبه ر بورژوازی دا یه ک قازانجی هاوبه شمان هه یه وه یه ک چین پیک دینین. ئیستا هه موو ئه حزابی ناسیونالیستی کوردی ئیران دانیشتوی کوردستانی عیراق، له پشتی ئه حزابی ناسیونالیستی کوردی عیراق وه ستاون. ئه وانه له به رانبه ر بی مافی مطلقی خه لکی کوردستانی عیراق و دزی و غاره تی سه روه ت و سامانی ئه و کومه لگایه له لایه ن ئه حزابی ناسیونالیستی هاوچین و هاو بزوتنه وه ی خویان بی ده نگ دانیشتون. ئه وان سه باره ت به ئیعتراز و ناره زایتی خه لکیش بی دنگن. ئه وانیش وه ک برادرانی خویان له کوردستان عیراق، نیگه رانی گه شه کردن و په ره سه ندنی حه ق خوازی چینی کریکاری کوردستانی عیراق و یه کگرتو بوون و وشیار بوونه وه یان به قازانجی چینایه تیانه.

ئیمه کریکاران و زه حمه تکیشانی کوردستانی ئیران سه ره رای ئه وه که ریزی خومان وشیار ده که ینه وه و خومان له سه م و ژاری ناسیونالیستی و قه وم پرستی و مه ذهه بی وه ک عاملی ته فره قه ده پاریزین، له هه مانکاتدا له هاوچینه کانی خومان له ناوچه که دیفاع ده که ین. کریکاران و خه لکی بی به ش له کوردستانی ئیران و عیراق و له هه ر کوی دونیا بن و له هه ر لیباسیک دا وه ک کورد، فارس، تورک، عه ره ب، انگلیسی، عراقی و فرانسوی و.. ، یه ک قازانجیان هه یه. وشیار بوونه وه به م حه قیقه ته، مه رجی رزگار بوونی چینی کریکار و پساندنی زنجیری چه وساندنه وه یه تی.

هه رجور و به هه ر شیوه یه ک بوتان ده کریت ده نگی هاوپشتی خوتان به گوی چینی کریکار له کوردستانی عیراق و به گوی خه لکی زولم لیکراو و نارازی بگه یه نن. خه لکیک که له سه ره تایی ترین داخوازیه ئیسانیه کانیان بی به شن و ده نگی ئیعترازیان به رز کردوته وه.

حیزبی حیکمه تیست به هه موو تواناوه، ده نگی ئیعتراز و ناره زایه تی خه لکی کوردستانی عیراق به گوی هه موان ده گه ینیت، پشتیوانی بو وه رده گریت وه بو کومه ک به کومونیسته کان له کوردستانی عیراق بو سازدان و ریکخراو کردنی به رین ترین و به هیزترین ئیعترازی جه ماوه ری هه ول ده دات.

**ده فته ری کوردستانی حزبی حکمتیست- خط رسمی**

**مارس 2016**

**شیعار وداخوازی سەرەکی ئەمڕۆی ئەم بزووتنەوەیە لەم هەلومەرجەدا بریتیە لە( تەواوی دەسەڵات بۆشورای کرێکاران وزەحمەتکێشان).**

# به رو ١٧ای شوباتیكى تر

**ریبوار ئەحمەد**

هاتنەمەیدانی جەماوەری خەڵکی کورستان لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ دژی دەسەڵاتی گەندڵ و تاڵانچی و ستەمگەری حزبە بۆرژواکانی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە هۆی ئاستەنگیەکانیەوە نەیتوانی بە ئامانجەکانی بگات و سەرئەنجام سەرکوتکرا. ئەو ئاستەنگیانە بە کورتی لە چەند رستەدا بریتی بون لە؛ لاوازی رۆڵی چینی کرێکار، سەراسەی نەبون و بەرتەسک مانەوەی لە چەند مەیدانی گشتی چەند شارێکدا، نارێکخراومانەوەی نارەزایەتیەکان، گرفتاربونی بە ئاسۆی تەسک و دژەشۆرشی باڵێکی تری هەمان بزوتنەوەی کۆنەپەرستانەی کوردایەتی کە خۆی لە بزوتنەوەی گۆڕان و هاوپەیمانە ئیسلامیەکانیدا بەرجەستەکردبو. ئەوان کە لە سەرەتادا بزوتنەوەکەیان سەرکۆنەکرد، لە هەنگاوی دوەمدا لە ڕێگای بەرەوهەڵدێربردنی بزوتنەوەکەو پەلکێشکردنی بەدوای تاکتیکە سیاسیە فریوکارانەکانی خۆیاندا، لە شاڕێی سەرکەوتن دوریان خستەوەو کردیان بە نێچیری دەزگا سەرکوتگەرەکانی دەسەڵات. سەرئەنجامیش خوێن و خەبات و قوربانی جەماوەریان کرد بە دەستمایەی سەودایەکی حەقیرانە لەگەڵ دوو حزبی دەسەڵاتدار لە پێناو شەریکبونەوەی خۆیان لە دەسەڵات و داهاتی بەتاڵانبراو.

تاوەکو ئێستا هەستانەوەی سەرلەنوێی بزوتنەوەی جەماوەری زۆر گران لەسەر خەڵکی کوردستان تەواوبوە؛ ٥ ساڵی تر لە جەورو ستەم و تاڵان و سەرکوت و ملهوڕی بێسنوری حزبەکانی کوردایەتی درێژی کێشا، تا رادەی ئەوەی کە کۆنەپەرستی و تاڵانچێتی ئەم دەسەڵاتە بورژوازیە هەموو سنورو پێوانەیەکی تێپەراندو پەتی سەبری خەڵکی پچڕاند. لەم ماوەیەدا شەریکبونەوەی بزوتنەوەی گۆڕان و تاقمە ئیسلامیەکان لە دەسەڵات و سامانی بەتاڵانبراو، کە دەست و ناوەڕۆکی ئەوانی بۆ خەڵک ئاشکراترکرد، بەڵام مەیسەربونی بەشی ئەوانیش لە تاڵان وبرۆ بە نرخی مەینەتی و داتەکاندنی زیاتری گیرفانی جەماوەری ستەمدیدە تەواوبو. خەڵکی بەدەنگهاتوی کوردستان باشیان لە بیرە دروست لەو کاتەدا کە دەبوو سەرقاڵی خۆئامادەکردبن بۆ هەستانەوەی سەرولەنوێی بزوتنەوەی نارەزایەتی و شۆڕشگێرانە، سەرکردەی بزوتنەوەی گۆڕان سنگی خۆی بۆ ئەوە دادەدڕی کە پێویستە جەماوەر دەست لە نارەزایەتی هەڵگرن و ٤ ساڵ شەقامەکان ئارام ڕاگرن و لەبەرامبەر ستەمکاری دەسەڵاتی تاڵانچیدا دەستەو ئەژنۆ دانیشن، بۆ ئەوەی مەرامی ئەوان دەستەبەربێت. خۆشباوەڕی بە بانگەوازەکەی نەوشیروان مستەفا، راستەوخۆ دەستگیرۆیی دەسەڵاتی کرد و رێگای هاتنەمەیدانێکی سەرلەنوێی دژوارتر کرد.

هەرچۆنێک بێت وا جارێکی تر دەرگای هاتنەوە مەیدان ئاوەڵا بوە بۆ ئەوەی هەم سنورێک بۆ



تاڵان و ستەم دابنرێت و هەم هەنگاوێکی تر لە رێگای پساندنی کۆتی خۆشباوەری بە باڵێکی تری بورژوازی کورد هەڵبگیرێت. ١٧ی شوباتێکی دیکە بە مانای واقعی و بە خێرایی خۆی نزیک دەکاتەوە. گرنگ ئەوەیە دەرسمان لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ وەرگرتبێت و رێگانەدەین هەڵەکان دوبارەبنەوە. فڕوفیشاڵی سەرانی تاڵانچی یەکێتی و پارتی تا ئەو رادەیە ریسواو مایەپوچە کە هیچ پەردەیەکی بەسەرەوە نەماوە پێویستی بە لابردن بێت. هیچ پاساوێک نەماوە بۆ ئەوەی خەڵک بە هات و هاواری فریوکارانەی چاکسازی و پەخشانەوەی ئەفیونی نەتەوەپەرستی بواری ستەم و تاڵانی زیاتر بەوان بدات. سەرانی سەری سەرەوەی ئەم ئەحزاب و دەسەڵاتە روقایمانە دانبەوەدادەنین کە دەیان و بگرە سەدان ملیار دۆلار لە داهاتی ئەم کۆمەڵگایەیان بەتاڵانبردوەو ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەو زەلکاوەیە کە ناویان ناوە "قەیرانی دارایی"، کەچی هۆشداری ئەوە بە خەڵک دەکەن کە دەبێ بە بەڵگەو دیکمێنتەوە لەسەر تاڵان و گەندەڵی و تاڵانچیان قسە بکەن!! هیچ شتێک لەوە رۆشنتر نیە کە ئەم دەسەڵاتە و ئەم دۆخەی کوردستان چاکسازی هەڵناگرێ و پێویستی بە ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە هەیە. ئەوانەی لەسەر کورسی دەسەڵاتەوە فرمێسکی تیمساحی بۆ داهاتی بەتاڵانچوی کوردستان دەرێژن، ئەوانەی کە لە لوتکەی دەسەڵات و رابەری ئەم حزبانە راوەستاون، خۆیان گەورە تاڵانچی و براگەورەی تاڵانچیەکانی خوارەوەی خۆیانن. بۆیە ناتوانن بە هیچ گەندەڵکارێک بڵێن بەری چاوت برۆیە.

***بزوتنەوەی نارەزایەتی بەرەوکوێ؟***

ئەمە یەکەمین و گرنگترین پرسیارە کە هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەری لەگەڵ بەرێکەوتنیدا پێویستە وەڵامی رۆشنی بۆی هەبێت. بەبێ وەڵامی رۆشن بۆ ئەم پرسیارە جەماوەر تەنها دەبن بە لەشکری پیادە و پێپیلکانەیەک بۆ ئەوەی باڵێکی دیکەی هەمان چینی بورژوازی دەسەڵاتدار بەسەر شانیاندا سەرکەوێت بۆ سەر کورسی دەسەڵات و دەورەیەکی تر لە نەهامەتی دەست پێدەکاتەوە. ئەمە دەرسێکی بەرجەستەی دەیان شۆڕش و بزوتنەوەی جەماوەریە لە جیهان و بە دیاریکراوی شۆرشەکانی ئەم دواییانەی میسرو تونس.

هەر ئێستا دیسان بزوتنەوەی گۆڕان و تاقمە ئیسلامیەکان لە کەمینن بۆ تاڵانکردنی خەبات و قوربانیدانی جەماوەری بەدەنگهاتوو. ئەمانە کێشەکانیان لەگەڵ پارتی دروست لەسەر بەشی خۆیان لە دەسەڵات و داهاتی بەتاڵانبراوە. ئەمانە نەک هیچ رەخنەیەکیان نیە لە دابەشبونی چیانیەتی دانیشتوان لە نێوان دوو ئۆردو کە لایەکیان زۆربەی زۆری دانیشتوانن و نوقمی هەژاری و بێدەرەتانین و ئەوی تریان کەمایەتیەکی کەمی نوقمی سەروت و ژیانی شاهانەن، بەڵکو دروست لە پێناو سازدانەوەی ئەم سیستەمە بە شێوەیەکی پایەدارو هەتاهەتایی پەلەقاژە دەکەن. لە روی سیاسی و کۆمەڵایەتی و باوەڕبون بە ماف و ئازادیە مەدەنیەکان و مافەکانی ژنان و لاوانەوە، ئەم باڵەی بورژوازی زۆر لە دەسەلاتی کۆنەپەرستی ئێستا کۆنەپەرستتر و دواکەوتوترە. ئەمڕۆ دوای ئەوەی کە دەزانن ئەو دەسەڵاتەی لە سێبەرەکەی راکشابون بە تەواوی باری لێژبوە، دیسان دەیانەوێ جێپێی خۆیان لە ناو بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری بکەنەوەو دیسان ئەم بزوتنەوەیە بەکاربهێنن بۆ مەرامەکانی خۆیان. بەڵام ئەجندەی بزوتنەوەی جەماوەری و ئەجندەی ئەوان دوو شتی تەواو لێکجیاوازو ناکۆکن لەگەڵ یەک. ئەجندەی ئەوان وەکو نوێنەری بەشێک لە سەرمایەدارانی خاوەن کۆمپانیا و سودخۆرو تەلاربەرزەکان، لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە چەند مانگ لەمەوبەر بە هۆی ناکۆکیان لەسەر دەسەڵات و داهات لە پرۆسەی سیاسی پەراوێزخران. بەڵام ئەجندەی جەماوەری نارازی کرێکارو مامۆستاو کارمەندو لاوان و ژنان و خەڵکی ئازادیخواز، هاتنەمەیدانە دژی ئەم سیستەمە ستەمکارانەیەی دابەشکردنی کارو داهات. هاتنەمەیدانە لە درێژەی هەمان بزوتنەوەی ١٧ی شوبات و خەباتی ٢٥ ساڵی رابردوی جەماوەری کرێکارو ئازدیخوازو لاوان و ژنانی بە دەنگهاتو دژی کوشتاری ناموسپەرستی و ستەمکاری جنیسی. تێکەڵکردنی ئەم دوو ئەجندەیەو ئەم دوو ریزە زەبرێکی کوشندەو وێرانکەر دەبێت بۆ بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری.

زوتنەوەی شۆڕشگێرانەی جەماوەری دەتوانێ ئەمجارە بەسەرکەوتن بگات و لە هەنگاوی یەکەمدا پاشەکشە بە بورژوازی چاوچنۆکی کوردی بکات و بەشێک لە مافە سەرەتاییەکانی جەماوەر لە چنگی ئەوان دەربهێنێت و بەم جۆرەش هاوسەنگی بە قازانجی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە بگۆڕیت و ئاسۆیەکی گەش بخاتەرو بۆ ئاڵوگۆڕی ریشەیی لەم کۆمەڵگایەدا. بەڵام ئەمە مەرج و گرەوی خۆی هەیە. بەرلە هەرشت ریزی سەربەخۆو خۆجیاکردنەوەی پێویستە لەو حزب و بزوتنەوە بۆرژوازیانەی کە نەک لە نەهامەتی و بێدەرەتانی و ستەمکێشی جەماوەر، بەڵکو لە بەشی خۆیان لە دەسەڵات و داهات نارازین. ئەگەر دڵی خۆیان رازی بکرێت، دیسان بانگەوازی خەڵکی برسی و بێدەرەتان دەکەن بۆ ئەوەی شەقام ئارام راگرن و دەستەوئەژنۆ لە ماڵی خۆیاندا سکهەڵگوشن. وە ئەگەر پێویست بکات نارەزایەتی جەماوەری بە ئاژاوەگێری تاوانبار دەکەن و لە سەرکوتکردنی بە دڵ و بە گیان بەشداری دەکەن. ئەمە دەرسێکە بە نرخێکی زۆرگران لەسەر خەڵکی کوردستان بەدەستهاتوەو لە بیرکردنی نەک هەڵە بەڵکو خەتایەکە لێبوردن هەڵناگرێت. ئەرکێکی گرنگی رابەران و هەڵسوراوانی بزوتنەوەی نارزایەتیە ئەم راستیانە بۆ جەماوەری نارازی رونکەنەوەو بوار بە تێکەڵبونی ئەم ئەجندەو ریزە جیاوازانە نەدەن.

"بروخێ بروخێ"ی ئەم باڵەی بورژوازی کورد نە بەڵگەی شۆڕشگێڕی و نە بە مەبەستی روخاندنی هیچ دیوارێکی ئەم دۆخ و سیستەمە ستەمکارانەیە نیە، بەڵکو تەنها بۆ بەکارهێنانی هێزی برسیەکانە بۆ ئەوەی تاقمێک تاڵانچی و سەرمایەداری خاوەن کۆمپانیا لەسەر کورسی لابەرن و تاقمێکی دیکەی سەرمایەدارو خاوەن

### بەرەو ١٧ ی شوباتیکی تر....

کۆمپانیا لەسەر کورسی دەسەڵات و بیرە نەوتەکان دابنێن. بزوتنەوەی جەماوەری برسی و بێدەرەتان و ئازادیخواز بە دور لە لاف و گەزافی فریوکارنەی ئەوان پێویستە خشت بە خشت و هەنگاو بە هەنگاو بەدیلی خۆی بنیاتبنێت. لەگەڵ ئەوەی کە نابی هیچ گومان و خۆشباوەریەک لە پێویستی هەڵپیجانی ئەم دەسەڵاتە بکرێت، هەروەها لەگەڵ ئەوەی کە نابێ یەک ساتیش دەرفەت بە دەسەڵات بدرێت لە بردنە پێشی سیاستی برسیکردن و داتەکاندی گیرفانی ستەمکێشان و پێشێلکردنی ئازادیەکان، لە هەمانکاتیشدا نابێ هیچ هەنگاو و کردەوەیەک بخرێتە دەستورەوە کە ئاکام و ئەنجامەکانی لە دەستی خودی بزوتنەوەکەو رابەرانیدا مسۆگەر نەبێت. واتە دروست وایە دەست ببرێت بۆ تاکتیک و هەنگاوێکی کارسازو "رەنگە بە رواڵەت بچوک دەرکەوێت" کە بتوانێ دەسکەوتی مەلموس و هاوسەنگی هێز بە قازانجی بزوتنەوەی جەماوەری مسۆگەربکات و فەزا بۆ بردنە سەری ئامادەیی شۆڕشگێڕانە بخولقێنی، نەک تاکتیک و هەنگاوێکی بە رواڵەت گەورەو لە راستیدا سەرچڵانە کە ئاکامەکەی یان سەرکوت یان سەرکەوتنی باڵێکی تری ستەمکاران بێت بۆ سەر کورسی دەسەڵات. لەم روانگەیەوە ئاستی ئێستای بزوتنەوەی نارەزایەتی بەپێی هاوسەنگی هێز و ئاستی رێکخراوبون و دەرکەوتنی رابەری سەربەخۆو شۆڕشگێڕانە..... بزوتنەوەیەکە بۆ سەپاندنی خواستە دەستبەجێکانی جەماوەری ستەمکێش بە جۆرێک کە زامنی باشکردنی ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریەکان و ئازادیە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان بکات، زامنی بوژانەوەی باوەڕو ئومێدی شۆڕشگێڕانە و هاوکات قوڵکردنەوەی قەیرانی دەسەڵاتی بورژوای و نابودکردنی ئەو تەلیسم و بەها پوچانەبێت کە بە ناوی موقدەساتی ئیلاهی و قەومیەوە دەرخواردی خەڵکی دەدەن. بۆ نمونە لەم بارەیەوە پێداگری لەسەر دانی دەستبەجێ و بێدواکەوتنی موچەکان و زیادکردنیان بەپێی ئاستی گرانی ئێستا، دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان وەکو ئاو و کارەبا و تەندروستی و سوتەمەنی، بیمەی بێکاری، ئازادی سیاسی و رێکخراوبون و خۆپیشاندان بەبێ داتاشینی قەیدو بەند، دادگایی تاوانبارانی سەرکوتەکەی ١٧ی شوبات، ئاشکراکردنی داهاتە بەتاڵانبراوەکان و گێرانەوەیان و دادگایی ئاشکرای تاڵانچیان، دەست لە کارێیشانەوەی کاربەدەستانی تێوەگلاو لە تاڵانی و هاتنەخوارەوەی مسعود بارزانی لە کورسی دەسەڵات بە تاوانی ئەوەی رۆڵی سەرەکی بوە لە خولقاندنی ئەم زەلکاوە، ...دەتوانن ئەو خواستانە بن کە لە ئیستادا پێداگریان لەسەر بکرێت.

### پێویستی رێکخراوبون

رێکخراوبونی ئەم ریزە سەربەخۆیە بۆ ئەوەی بتوانێ وەکو جەستەیەکی بەهێزو یەکپارچە بە یەکجار ئیرادە بکات و بەیەکجار بجوڵێت، مەرجێکی سەرەکیە بۆ چونەپێش و سەرکەوتن. ئێستا کاتی ئەوەیە کە کۆبونەوەو میتینگ و مانگرتنەکانی ئەم رۆژانە بکرێنە دەرفەت بۆ بەرپاکردنی رێکخراوە جۆراوجۆرەکان، لە هەموو گەڕەک و ناوەندێکی کارو خوێندن دەستەکان پێکبێن بۆ سازدانی جەماوەر و هاودەنگکردنیان لەسەر خواست و هەنگاوەکان، دامەزراندنی شوراکان و چۆنیەتی رێکخستنی کاروبارو خەبات و ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیان و دەرهێنانی لەدەست دام و دەزگا بیروکرات و گەندەڵ و وێرانکارەکانی حزبە بورژوازیەکان. لەم بارەیەوە دەستپێشکەری هەڵسوڕاوان و پێشرەوان یەکجار پێویست و حەیاتیە. لە هەر جێگایەک پێویستە هەنگاوی گونجاو لەگەڵ ئاستی ئامادەیی جەماوەر و هاوسەنگی هێز لە نێوان جەماوەو دەسەڵات دیاری بکرێت. بۆ نمونە لە ناوچەی دەسەڵاتی پارتی ئاشکرایە کە هاوسەنگیەکە نالەبارترە، بەڵام تەلیسمەکان خەریکن دەشکێن و هەر ئێستا کاتی ئەوەیە لە هەموو ناوەندو گەڕەکەکان دەستەکانی سازدانی نارەزایەتی پێکبێن، بە شێوەی کارسازو گونجاو بەدور لە ریسک و دروشمی سەرچڵانە و شێوازی روبەڕوبەوەی پێشوەخت، کاری خۆیان بکەن و خۆیان لەگەڵ جێگاکانی تر هاوئاهەنگ بکەن. بەڵام نابێ گومان لەوە بکرێت کە خەبات بەبێ رێکخراوبون بە ئاکامی خۆی ناگات.

### رۆڵی پێشرەوی چینی کرێکار

ئەوەی لە هاتنەمەیدانەکانی تا ئێستادا خاڵێکی لاوازی بەرجەستەیە، لاوازی یان نادیاری رۆڵی چینی کرێکارە. ئەم خەباتە بەبێ رۆڵی پێشرەوانەی چینی کرێکار نەک هەر ناتوانێ ئاڵوگۆڕێکی ئەوتۆ بەدیبهێنێ، بەڵکو زۆر ئەستەمە بتوانێ داخوازیە سەرەتاییەکانیشی بەدەستبهێنێت. هەرچەندە قسەکەرانی بورژوازی و رۆشنبیرانی توێژە ناوەنجیەکان دەیانەوێ لە دۆخی ئیستای کوردستاندا رۆڵی چینی کرێکار نادیدە بگرن و تەشەری لێبدەن، هەروەها سەرباری هەموو ئەو وێرانکاریانەی بورژوازی تاڵانچی کورد لە روی ئابوریەوە بەسەر ئەم کۆمەڵگایەی هێناوەو بەشێکی یەکجار زۆر لە چینی کرێکاری بێکارو پەرتەوازەو بەشێکی بەرچاویشی ناچار کردوە ببن بە زەخیرەی میلیشیاکانی خۆیان، بەڵام هێشتا ئەوە چینی کرێکارە کە گەورەترین زەبری هەیە بۆ بەچۆکداهێنانی ئەم دەسەڵاتە ستەمکارە. تەنها هەڕەشەیەکی کرێکارانی کۆمپانیا نەوتیەکان بەسە بۆ ئەوەی ئاستی ئەم زەبرە بەرجەستەبێت. کرێکارانی ناوەندە جیاجیاکان پێویستە بێدرەنگ بە رۆڵی پێشڕەوانەوە لە ئاستی ئەم بزوتنەوە نارەزایەتیەدا دەرکەون. بە داخوازی و دروشم و ریزی رێکخراوی خۆیانەوە ئاسۆیەکی پرشنگدار بەروی ئەم بزوتنەوەیەدا بکەنەوەو بیکەن بە هەنگاوێک لە ریگای پساندنی کۆتی ئەسارەتی سەرمایەدا. ئەرکی رابەران و هەڵسوڕوانی بزوتنەوەی کریکاری و کۆمۆنیستیە بۆ وەلانانی ئەم خاڵە لاوازەوە دەستبەکاربن.

### خەتی سیاسی تاکتیکی

ئەمرۆ ئەوە بوە بە باوەڕو بۆچونێکی هەمەگیر لە ئاستی زۆر فروانی جەماوەریدا کە حزبە دەسەڵاتدارەکان بە هەموو جۆرێک ئیمتحانی خۆیانداوەو ئیتر نەک هەر بە هیچ جۆرێک جێگای ئومێدنین بۆ دەرهێنانی کۆمەڵگای کوردستان لەو هەموو قەیران و نەهامەتی و گێژاوەی کە دەسەڵات و سیاسەتەکانی ئەوان خولقاندویانە، بەڵکو خەڵک بە دروست خوازیاری هەڵپێچانی ئەم دەسەڵاتە و دادگایی کردنی سەرانیانە. ئەمە ئەنجامی هوشیاریەکی سیاسیە کە بە نرخی چارەکە سەدەیەک لە جۆرەها نەهامەتی و کارەسات بەدەست هاتوە. ئەگەر دیسانەوەش ئەم جەماوەرە ناچاربکرێنەوە بۆ دەورەیەکی تر تەحەملی ئەم دەسەڵاتە بکەن، ئەمجارە هۆکاری سەرەکی نەک لە خۆشباوەڕی وەکو سەرەتای نەوەتەکان، بەڵکو ئەنجامی نائامادەییە بۆ هەڵپێچانی. کەواتە لەم ئاستە گشتیەدا حوکمی دروستی جەماوەری ستەمدیدە لەسەر ئەم دەسەڵاتە ئاشکرایە.

بەڵام چونەپێش لە جێبەجبەجێ کردنی ئەم حوکمە و لەوەش گرنگتر بەرپاکردنی ئایندەیەکی باشتر، هەم پێویستی بەوەیە بەدیلێکی شۆڕشگێڕانە و بەرچاورۆشنیەکی زیاتر لە ئاستی جەماوەریدا پێگەیەکی بەهێزی هەبێت، هەم تێپەڕاندنی سەرکەوتوانە لە هەر هەنگاوێکدا تاکتیکی کارسازو گونجاوی دەوێ. ئەمەی دوەمیان رۆڵی زۆریشی هەیە بۆ فەراهەم کردنی ئەوەی یەکەمیان. کارکردن و پیادەکردنی ئەم تێروانینە، ئامادەکاری بە کردەوەیە بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە و پشتکردنیش لەمە، فەرامۆشکردنی ئەو ئامادەکاریەیە. بۆیە لێرەدا پێویست دەکات بڕێک وردتر لەسەری بڕۆین.

تاکتیکی گونجاو پێویستە لە هەر هەنگاوێکدا بەپێی هاوسەنگی هێز، ئاستی توانای بزوتنەوەکە، رادەی رێکخراوبونی، رادەی مسۆگەربون و دەرکەوتنی رابەریی سەربەخۆی، رادەی جێکەوتنی ئاسۆو سیاسەتی شۆڕشگێڕانە بەسەریدا...زامنی بەرەوپێشەوەچون و هەر بەم پێیەش پێداویستیەکانی هەنگاوی دواتری بڕەخسێنێ. نابێ پێش ئەوەی ئامادەییەکانی هەنگاوێک رەخسابێت بخرێتە دەستورەوە. بە تایبەتی دورگرتنی بزوتنەوەکە لەو شێوازو روبەڕوبونەوانەی کە رەنگە دەسەڵات بۆ پەیداکردنی بەهانەی سەرکوت، یان باڵەکانی تری بورژوازی بە مەبەستی فشارهێان بۆ دەسەڵات و کردنەوەی رێگای بەندوبەست، دەستپێشخەری بۆ بکەن. هەروەها دیاریکردنی داخوازیەکان بە جۆرێک کە توانایی بە کردەوەی بزوتنەوەکە لە ئاستی سەپاندنیاندابێت، لایەنێکی تری ئەم مەسەلەیەن. داخوازیەک کە بەرزدەکرێتەوە بۆ ئەوەیە کە دەسەڵات ناچاربکرێت بە جێبەجێکردنی. کەوایە بەدیهاتنی سەرکەوتنێکە و کارایی دەبێت لەسەر رەوتی پێشرەوی بزوتنەوەکە، پێچەوانەکەشی کاریگەری پێچەوانەی دەبێت، بۆیە ناکرێ یاری بە دروشم بکرێت. ئەم رۆژگارانە لە زۆر ناوەندی کارو خوێندن کار راگیراوە، هەڕەشەی مانگرتنی ناوەندەکانی تریش لە ئارادایە. هەر ئێستا خەریکە ساڵێک لە خوێندنی دەیان هەزار خوێندکار بە فیڕۆ دەڕوات. دەسەڵاتی گەندەڵ نەک هەر خەمی ئەمەی نیە بەڵکو خۆی مەڵاسداوە ئەمە بکاتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەزاران خانەوادەی ئەو خوێندکارانە بکات بە گژی ماموەستایان و نارەزایەتیەکاندا.

ئەمە جگە لەوەی کە بە فیڕۆچونی ساڵێک بۆ هەزاران خوێندکار پێویستە خەمی گەورەی بزوتنەوەیەک بێت کە دەیەوێ ئایندەیەکی گەشتر بۆ ئەم کۆمەڵگایە دابین بکات. هەروەها ئەگەر سبەی نەخۆشخانەکان و خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی ژیانی خەڵک بە تەواوی رابگیرێت، کارەسات بەرپادەبێت. دەسەڵات خەمی نیە و تەنها لە بیری ئەوەدایە خەتاکەی بخاتە ئەستۆی مانگرتوان و

←

# گلدانەوەی زورەملی مووچە لەلایەن حکومەتی هەریمەوە دەبی هەلوەشیتەوە

حزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردایەتی بەناوی حکومەتی هەرێمەوە لە هەنگاوێکی نا بەرپرسیارانەدا بەرامبەر بە ژیان و گوزەرانی هاولاتیانی کوردستان، بەشێوەیەکی ترسناك مووچەو دەرماڵەی کرێکاران‌و کارمەندان و مامۆستایان و خانەنشینان کەم دەکەنەوە. ئەم جۆرە بڕیارە هەژاری موتڵەق بەسەر سەدان هەزار هاوڵاتی کەمدەرامەتی کوردستاندا دادەسەپێنێ، لە کاتێکدا ماوەی (٥) مانگە مووچە نەدراوە، بەپێی هەمان بڕیاری حکومەت مووچەی ئەو (٥)مانگەشیان بەبێ رەزامەندی خۆیان وەکو قەرزێکی بێ دانەوە بۆ هەڵدەگیرێت!

حکومەتی هەرێم بەم بڕیارەی دژایەتی خۆی بۆ خەڵکی کەمدەرامەتی کوردستان بەئاشکراترین شێوە خستەروو. قەیرانێك کە خۆیان هۆکارێکی سەرەکین لە دروستبوون و قوڵبونەوەیدا بەسەر شانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش‌و مامۆستاو کارمەندی دەستەنگدا دەیشکێننەوە. لەبری ئەوەی لەرێگای دانانی باج لەسەر سەرمایەداران‌و گێرانەوەی ئەو پارانەی کە لە داهاتی گشتی بەتاڵان براون و بە ملیارەها دۆلار مەزەندە دەکرێ، گرفتی قەیرانی دارایی و بێمووچەیی‌و نەمانی خزمەتگوزاریەکان چارەسەر بکەن، کەچی دەست بۆ گیرفانی بەتاڵی کرێکاران‌و کارمەندان و مامۆستایان‌و خانەنشینان دەبەن.

بڕیارەکەی حکومەت پێشمەرگەو ئاسایش لە کەمکردنەوەی مووچەو دەرماڵە دەبوێرێ، تا وەکو ئیمتیازێك بۆیان هەژماربکات‌و لەورێگایەشەوە بەکاریان بهێنێ بۆ بەرگریکردن لەمانەوەی خۆی‌و داپڵۆسینی دەنگی نارەزایەتی خەڵك کەهەرئێستا بەشێوەی جۆراوجۆر لە ئارادایە، ئەگەری ئەوەش هەیە دوای ئەم بڕیارەی حکومەتبەشێوەیەکی فروانتر دەست پێبکاتەوە.

پیویستە ئەم هێرشەی حکومەتی هەرێم بۆسەر ژیانو گوزەران و تاڵانکردنی گیرفانی مامۆستایان‌و کارمەندان‌و کرێکاران‌و خانەنشینان بێوەڵام نەمێنێتەوە. دەبێ نارەزایەتیەکان بە فراوانی و لەهەموو شارو شارۆچکەیەك، لەهەموو دامەزراوو فەرمانگەو نەخۆشخانەو خوێندنگاو زانکۆیەك دەست پێ بکەنەوە. پیویستە شەپۆلێك لە مانگرتن‌و کۆبونەوەی نارەزایەتی لەناو فەرمانگەو نەخۆشخانەو زانکۆ و خوێندنگاکاندا بەرێبخرێت. دەبێ ئەم بڕیارەی حکومەتی هەرێم پووچەڵبکرێتەوە.

پیویستە بۆ چارەسەری کێشەی مووچەو خزمەتگوزاریەکان ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بنرێت:

١ -ئەو پارانەی کە بەهۆی پۆستی حکومی‌و دەسەڵاتەوە لە داهاتی گشتی براون دەبێ بگێردرێتەوە بۆ بودجەی گشتی.

٢ -باجی ڕوولەسەر بۆ داهاتی سەرمایەداران‌و دەوڵەمەندان دابنرێ.

٣ -باڵاترین مووچەی کاربەدەستانی حکومەت لە (٣) ملیۆن دینار زیاتر نەبێت و کەمترین مووچەش لە (١)ملیون دینار کەمتر نەبێت.

سەرجەم داهات‌و خەرجی حکومەت ئاشکراو شەفاف بێت و هەرکاتێك هەر هاوڵاتیەکی کوردستان بخوازێ، پێویستە بتوانێ زانیاری دروستی لەسەر داهات‌و خەرجی حکومەت بێ پێچ و پەنا دەست بکەوێت.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**٢٠١٦/٢/٥**

"نینا بخوێنن

و بەکەسانیتر

پێشنیاری بکەن"

## بەرەو ١٧ی شوباتیکی تر....

جەماوەر دوشەقە بکەنە بیانکەن بەگژی یەکتردا. هەڵسوراوان و رابەرانی بزوتنەوەت جەماوەری پێویستە هەم خەمی ژیانی خەڵک و هەم خەمی یەکڕیزی جەماوەری ستەمدیدەیان هەبێت. کەوایە گونجاونیە ئەو ناوەندانەی کارەکانیان راستەوخۆ بە ژیانی رۆژانە و لە راوەستان نەهاتوی خەڵکەوە پەیوەستە رابگیرێن بە تایبەتی بۆ درێژماوە یان کاتی نادیار. پێویستە لە هەموو حاڵێکدا لانی کەمی خزمەتگوزاریە پێویستەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک لەبەرچاوبگیرێت، مانگرتنی گشتی بۆ کاتێکی کورت و دیاریکراو کارسازو گونجاوە، بەلام بۆ درێژماوە دەبی پێویستیە سەرەتایی و لە راوەستان نەهاتوەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک لەبەرچاوبگیرێن و شێوازی گونجاوتری خەبات بگیرێتەبەر. ئێستا کاتی ئەوەیە کە هیچ ناوەندێکی کار داهاتی ناوەندەکەی خۆی نەدات بەم دەسەڵاتە گەندەڵە، لە جیاتی ئەوە داهاتەکانیان پێویستە بخرێتە بەردەستی دەستەکانی نارەزایەتی جەماوەری و بۆ خەرجی دابینکردنی لانی کەمی خزمەتگوزاریە زۆر پێویستەکان تەرخان بکرێن. هەروەها پێویستە مامۆستایان پلانێکیان هەبێت کە هەم نارەزایەتیەکان بەردەوام و هەم ساڵی خوێندنی خوێندکاران بە فیرۆنەچێت. بەم جۆرەش دەتوانن هەزاران کەس لە خوێندکاران و خانەوادەکانیان بخەنەپشتی خەبات و داوا رەواکانی خۆیان.

یادی هاتنەمەیدانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ دژی ئەم دەسەڵاتە گەندڵ و تاوانکارە نزیک دەبێتەوە، کاتێکیش بەدەستەوە ماوە بۆ ئەوەی ئەم بزوتنەوە جەماوەریە سازو ئامادەو یەکدەست بکرێت و لەو یادەدا پەیامێکی توکمەو شایستە بدات بە گوێی ئەم دەسەڵاتەدا. بۆ نمونە مانگرتنی سەرتاسەری لە کوردستان بەرپابێت لە دەوری خواستە دەستبەجێکان. دەرەوەی وڵاتیش وەکو هەمیشە دەتوانێ و پێویستە مەیدانێکی گەرم و گرنگی ئەم بزوتنەوەیە بێت.

**١٠ی شوباتی ٢٠١٦**

**ادامە صفحە ٩** →

# نەخشەرێگای دەرهێنانی کۆمەڵگای کوردستان (حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان)

## بۆ پێشەوە بەرەو دەسەڵاتدارێتی شورایی

لە کاتێکدا کۆمەڵگای کوردستان بەرەو پێنجەمین ساڵیادی نارەزایەتیەکانی ١٧ ی شوبات دەچوو، جارێکی تر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و لاوان و خەڵکی ئازادیخوازو بێدەرەتان لە دژی هەژاری و تاڵان و بڕۆی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستەکان هاتنەوە مەیدان. بزوتنەوەی١٧ی شوباتی رابردوو بە هۆی ئاستەنگیەکانەوە، بە تایبەتی بێبەریبونی لە رابەریەکی کارساز و شۆڕشگێڕو سەراسەری و گرفتاربونی بە ئاسۆی حزبە ناسیۆنالست و ئیسلامیەکان، ناکام مایەوەو سەرئەنجام بەبێ ئەوەی هیچ یەک لە داخوازیەکانی بەدیبێت، لەلایەن دەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتی و پارتیەوە سەرکوت کرا.

تایبەتمەندی بزوتنەوەی نارەزایەتی ئەمجارە هاتنە مەیدانێکی راستەوخۆیە دژی هەژاری وبرسێتی وتاڵان و بڕۆ و گەندەڵی حزبە دەسەڵاتدرەکانە. ئەویش لە کاتێکدا کە حکومەتی بنکە فراوانی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیست وئیسلامیەکان، وەکو دوا کارتی دەستیان دوچاری بنبەست و ناکامی بوەو راستەوخۆ لەلایەن خۆیانەوە هەڵوەشاوەتەوە. لەم هەلومەرجەدا سەرمایەداران و تاڵانچیان و ملیادرێرە مشەخۆرەکانی سەرانی ئەحزابی حاکم، تەواوی سەروەت وسامانی کۆمەڵگایان بەتاڵان بردوەو هیچ بەرپرسیارێتیەکیش لە ئاست ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریەکانی خەڵکدا ئەستۆ ناگرن. لەوەش زیاتر دەیانەوێ ئەو قەیرانەی لە ئاکامی تاڵان و بڕۆی خۆیانەوە پێکهاتوە بە برسیکردن و داتەکاندنی زیاتری گیرفانی خەڵک قەرەبوکەنەوە.

لە ماوەی چارەکە سەدەیەکی رابردودا دەسەڵاتی ئەم حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستانە بەهەموو شێوازو فۆرمەکانیەوە تاقی کرایەوە؛ دەسەڵاتی بەرەی کورستانی، دەسەڵاتی میلیشیایی رووپۆشکراو بە پەرلەمان، دەسەڵاتی ناوچەیی راستەوخۆی میلیشیایی یەک حزبی، دەسەڵاتی دوحزبی لەسەر بناغەی رێکەوتنی ستراتیژی، سەرئەنجامیش حکومەتی نیشتمانی و بنکەفراوانی هەموو حزبە بورژوازیەکان..هەموو ئەمانە ئەزمونی چارەکە سەدەیەک نمایش دەکەن کە پڕە لە کارەسات و تاڵان و برۆو سەرکوت و تیرۆر و لەژێرپێنانی مافەکانی خەڵک. ئەزمونێکە کە قەڵشتی چیانەیەتی کۆمەڵگای بەوپەڕی خۆی گەیاندوە؛ لەلایەک جەماوەرێکی ملیۆنی کرێکارو زەحمەتکێش وخەڵکی بێدەرەتان کە نوقمی هەژارین، لەلایەکی تریشەوە کەمایەتیەکی کەمی تاڵانچی و سەرمایەداری خاوەن کۆمپانیا کە نوقمی سەروەتن.

ئەم ئەزمونە بنبەست و شکستخواردوە سەلماندویەتی کە دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیۆنالسیتی کوردو حزبەکانی نەک هەر نوێنەری دەسەڵاتدارێتی خەڵک نیە و چاکسازی و بەرەوباشتربردنی ئەم دۆخەیان لەدەستوردا نیە، بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە هۆکاری تێکشکاندنی ئیرادەی خەڵک و بەرەو وێرانی وکارەساتبردنی هەرچی زیاتری کۆمەڵگایە. بۆیە لەئێستادا کەئەم دەسەڵاتە لەلایەن خۆیانەوە هەڵوەشاوەتەوەو لە زەلکاوی قەیرانەکانیدا پەلەقاژەی ناکامی دەکات، پێویستە جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش وئازادیخواز بەڕیزی ڕێکخراوو ئامادەوە بێنەمەدان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم بارودۆخە و بەرپاکردنی دەسەڵاتی راستەوخۆی جەماوەری و بەدەستەوە گرتنی چارەنوس و کاروباری کۆمەڵگا. دامەزراندنی شوراکان و بەرپاکردنی دەسەلاتدارێتی راستەوخۆو شۆرشگێرانەی جەماوەر لەسەربناغەی سیستەمی شورایی، تەنها رێگای شۆرشگێرانەو رزگاریبەخشە بۆ دەرهێنانی کۆمەڵگا لە گێژاوی سیاسی و برسێتی و بێدەرەتانی ئێستا.

هەژاری و برسێتی و بێمافی لەپاڵ هەڕەشەی تیرۆریزمی داعشدا، کۆمەڵگای کوردستانی لەناو دۆخێکی لەرادەبەدەر ترسناک و نالەباردا راگرتوە. بورژوازی کورد و حزبەکانی جگە لە داشکاندنەوەی ئاکامە کارەساتبارەکانی ئەم دۆخە بەسەر جەماوەری کرێکارو ستمدەیدە، هیچ رێگاچارەیەکی تریان پێنیە. ئەم دۆخە پرمەترسی و نالەبارە تەنها دەتوانرێت لەرێگای هێنانەمەیدانی شۆرشگێرانەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و ئازادیخوازەوە بەرەو ئایندەیەکی دروەشاوەو باشتر تیپەڕبکرێت. ئەزمونی چارەکە سەدەیەک نیشانیداوە کە خولانەوە لە بازنەی ئەو سیستەمە سیاسیانەی کە ئەحزابی بورژوازی لە ژێرناوی دەسەڵاتی نیشتمانی و گەل و دیموکراسی و پەرلەمانتاریزمدا، بە بریکاری خەڵک حوکمرانی بکەن، جگە لە دوبارەکردنەوەی ئەزمونی شکستخواردوی ئەم چارەکە سەدەیە لە دەسەڵاتی بیروکراتیک و سەرو خەڵکی و راپێچکردنی کۆمەڵگا بۆ ناو کارەسات و بێدەرەتانی و بێمافی هیچی تر نیە.

سەرجەم ئەو پرۆژەو بریارو هەنگاوانەش کە ئێستا لەلایەن حزبە بۆرژوازیەکانەوە بە تایبەتی گۆران و یەکێتی و پارتی، وەکو نەخشە رێگای دەرچون لەم دۆخە دەخرێنەڕو، یان بۆ خراپ کەڵک وەرگرتن لە نارەزایەتیەکان و بەکارهێنانی جەماوەرە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کۆنەپەرستانەی ناوخۆی حزبە بورژوازیەکان، یان بۆ جڵەوکردن و دامرکاندنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کات کرینە، بە مەبەستی سازدانەوەی دەسەڵاتی گەندەڵ و سەروخەڵکی و بەردەوامیدان بە دۆخی چارەکە سەدەی رابردوو.

بۆیە دەسەلاتداریتی راستەوخۆی نوینەرانی شۆراکانی کرێکاران و جەماورەی زەحمەتکێش و ئازادیخواز تەنها ئەلتەرناتیڤی دەستبەجێ و کارسازە بۆ جێگاگرتنەوەی حکومەتی بنکەفراوانی هەڵوەشاوەی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستەکان. پێویستە بەوپەڕی هوشیاری و هەست بە بەرپرسیارێتیەوە هەموو هەوڵێک بخرێتەگەر بۆ ئەوەی پرۆسەی گوێزانەوەی دەسەلات بۆ دەستی شوراکان دور لە توندوتیژی و پێکدادان بڕواتە پێشەوە. پێویستە هەوڵی تەواو بدرێت بۆ داخستنی دەرگاکان بەروی پەلامارو سەرکوتی حزبە ناسیۆنالیستە

لە کاتێکدا کۆمەڵگای کوردستان بەرەو پێنجەمین ساڵیادی نارەزایەتیەکانی ١٧ ی شوبات دەچوو، جارێکی تر جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ژنان و لاوان و خەڵکی ئازادیخوازو بێدەرەتان لە دژی هەژاری و تاڵان و بڕۆی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستەکان هاتنەوە مەیدان. بزوتنەوەی١٧ی شوباتی رابردوو بە هۆی ئاستەنگیەکانەوە، بە تایبەتی بێبەریبونی لە رابەریەکی کارساز و شۆڕشگێڕو سەراسەری و گرفتاربونی بە ئاسۆی حزبە ناسیۆنالست و ئیسلامیەکان، ناکام مایەوەو سەرئەنجام بەبێ ئەوەی هیچ یەک لە داخوازیەکانی بەدیبێت، لەلایەن دەسەڵاتی میلیشیایی یەکێتی و پارتیەوە سەرکوت کرا.

تایبەتمەندی بزوتنەوەی نارەزایەتی ئەمجارە هاتنە مەیدانێکی راستەوخۆیە دژی هەژاری وبرسێتی وتاڵان و بڕۆ و گەندەڵی حزبە دەسەڵاتدرەکانە. ئەویش لە کاتێکدا کە حکومەتی بنکە فراوانی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیست وئیسلامیەکان، وەکو دوا کارتی دەستیان دوچاری بنبەست و ناکامی بوەو راستەوخۆ لەلایەن خۆیانەوە هەڵوەشاوەتەوە. لەم هەلومەرجەدا سەرمایەداران و تاڵانچیان و ملیادرێرە مشەخۆرەکانی سەرانی ئەحزابی حاکم، تەواوی سەروەت وسامانی کۆمەڵگایان بەتاڵان بردوەو هیچ بەرپرسیارێتیەکیش لە ئاست ژیان و گوزەران و خزمەتگوزاریەکانی خەڵکدا ئەستۆ ناگرن. لەوەش زیاتر دەیانەوێ ئەو قەیرانەی لە ئاکامی تاڵان و بڕۆی خۆیانەوە پێکهاتوە بە برسیکردن و داتەکاندنی زیاتری گیرفانی خەڵک قەرەبوکەنەوە.

لە ماوەی چارەکە سەدەیەکی رابردودا دەسەڵاتی ئەم حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستانە بەهەموو شێوازو فۆرمەکانیەوە تاقی کرایەوە؛ دەسەڵاتی بەرەی کورستانی، دەسەڵاتی میلیشیایی رووپۆشکراو بە پەرلەمان، دەسەڵاتی ناوچەیی راستەوخۆی میلیشیایی یەک حزبی، دەسەڵاتی دوحزبی لەسەر بناغەی رێکەوتنی ستراتیژی، سەرئەنجامیش حکومەتی نیشتمانی و بنکەفراوانی هەموو حزبە

←

**نەخشەرێگای دەرهێنانی کۆمەڵگای ...**

بورژوازیەکان..هەموو ئەمانە ئەزمونی چارەکە سەدەیەک نمایش دەکەن کە پڕە لە کارەسات و تاڵان و برۆو سەرکوت و تیرۆر و لەژێرپێنانی مافەکانی خەڵک. ئەزمونێکە کە قەڵشتی چیانەیەتی کۆمەڵگای بەوپەڕی خۆی گەیاندوە؛ لەلایەک جەماوەرێکی ملیۆنی کرێکارو زەحمەتکێش وخەڵکی بێدەرەتان کە نوقمی هەژارین، لەلایەکی تریشەوە کەمایەتیەکی کەمی تاڵانچی و سەرمایەداری خاوەن کۆمپانیا کە نوقمی سەروەتن.

ئەم ئەزمونە بنبەست و شکستخواردوە سەلماندویەتی کە دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیۆنالسیتی

کوردو حزبەکانی نەک هەر نوێنەری دەسەڵاتدارێتی خەڵک نیە و چاکسازی و بەرەوباشتربردنی ئەم دۆخەیان لەدەستوردا نیە، بەڵکو ڕێک بەپێچەوانەوە هۆکاری تێکشکاندنی ئیرادەی خەڵک و بەرەو وێرانی وکارەساتبردنی هەرچی زیاتری کۆمەڵگایە. بۆیە لەئێستادا کەئەم دەسەڵاتە لەلایەن خۆیانەوە هەڵوەشاوەتەوەو لە زەلکاوی قەیرانەکانیدا پەلەقاژەی ناکامی دەکات، پێویستە جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش وئازادیخواز بەڕیزی ڕێکخراوو ئامادەوە بێنەمەدان بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم بارودۆخە و بەرپاکردنی دەسەڵاتی راستەوخۆی جەماوەری و بەدەستەوە گرتنی چارەنوس و کاروباری کۆمەڵگا. دامەزراندنی شوراکان و بەرپاکردنی دەسەلاتدارێتی راستەوخۆو شۆرشگێرانەی جەماوەر لەسەربناغەی سیستەمی شورایی، تەنها ڕێگای شۆرشگێرانەو رزگاریبەخشە بۆ دەرهێنانی کۆمەڵگا لە گێژاوی سیاسی و برسێتی و بێدەرەتانی ئێستا.

هەژاری و برسێتی و بێمافی لەپاڵ هەڕەشەی تیرۆریزمی داعشدا، کۆمەڵگای کوردستانی لەناو دۆخێکی لەرادەبەدەر ترسناک و نالەباردا راگرتوە. بورژوازی کورد و حزبەکانی جگە لە داشکاندنەوەی ئاکامە کارەساتبارەکانی ئەم دۆخە بەسەر جەماوەری کرێکارو ستمدەیدە، هیچ ڕێگاچارەیەکی تریان پێنیە. ئەم دۆخە پرمەترسی و نالەبارە تەنها دەتوانرێت لەرێگای هێنانەمەیدانی شۆرشگێرانەی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش و ئازادیخوازەوە بەرەو ئایندەیەکی دروەشاوەو باشتر تێپەڕبکرێت. ئەزمونی چارەکە سەدەیەک نیشانیداوە کە خولانەوە لە بازنەی ئەو سیستەمە سیاسیانەی کە ئەحزابی بورژوازی لە ژێرناوی دەسەڵاتی نیشتمانی و گەل و دیموکراسی و پەرلەمانتاریزمدا، بە بریکاری خەڵک حوکمرانی بکەن، جگە لە دوبارەکردنەوەی ئەزمونی شکستخواردوی ئەم چارەکە سەدەیە لە دەسەڵاتی بیروکراتیک و سەرو خەڵکی و راپێچکردنی کۆمەڵگا بۆ ناو کارەسات و بێدەرەتانی و بێمافی هیچی تر نیە.

سەرجەم ئەو پرۆژەو بریارو هەنگاوانەش کە ئێستا لەلایەن حزبە بۆرژوازیەکانەوە بە تایبەتی گۆران و یەکێتی و پارتی، وەکو نەخشە رێگای دەرچون لەم دۆخە دەخرێنەڕو، یان بۆ خراپ کەڵک وەرگرتن لە نارەزایەتیەکان و بەکارهێنانی جەماوەرە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی کۆنەپەرستانەی ناوخۆی حزبە بورژوازیەکان، یان بۆ جڵەوکردن و دامرکاندنەوەی نارەزایەتی جەماوەری و کات کڕینە، بە مەبەستی سازدانەوەی دەسەڵاتی گەندەڵ و سەروخەڵکی و بەردەوامیدان بە دۆخی چارەکە سەدەی رابردوو.

بۆیە دەسەلاتداریتی راستەوخۆی نوینەرانی شۆراکانی کرێکاران و جەماورەی زەحمەتکێش و ئازادیخواز تەنها ئەلتەرناتیڤی دەستبەجێ و کارسازە بۆ جێگاگرتنەوەی حکومەتی بنکەفراوانی هەڵوەشاوەی حزبە بۆرژوا ناسیۆنالیستەکان. پێویستە بەوپەڕی هوشیاری و هەست بە بەرپرسیارێتیەوە هەموو هەوڵێک بخرێتەگەر بۆ ئەوەی پرۆسەی گوێزانەوەی دەسەلات بۆ دەستی شوراکان دور لە توندوتیژی و پێکدادان بڕواتە پێشەوە. پێویستە هەوڵی تەواو بدرێت بۆ داخستنی دەرگاکان بەروی پەلامارو سەرکوتی حزبە ناسیۆنالیستە چەکدارەکان و دەسەڵاتی شکستخواردودا. پێویستە لیبڕاونە هێزی پێشمەرکەو پۆلیس و هێزە چەکدارەکان بانگەواز بکرێن و بەرچاویان رۆشنبکرێتەوە، کە ئەوان بەشێکن لە جەماوەری برسی و ستمدیدە و رۆڵەکانی کرێکاران و خەڵکی ئازادیخواز، نابێ بە فروفیشاڵی کوردایەتی فریوبخۆن و لولەی چەکەکانیان بۆ بەرگری لە تاقمێک تڵانچی و گەندەڵ و مشەخۆر ئاراستەی سنگی هاوچین و هاوچارەنوسەکانی خۆیان بکەن کە لە دژی برسێتی و نانبڕین و لە پێناو ئازادی هاتونەمەیدان.

دەسەڵاتی شوراکانی نوینەری خەلک دەتوانێ کۆنترۆڵی سامان و داهات و بەرهەمهێنان و دابەشکردن بە شێوەیەکی دادپەروەرانە بەدەستەوە بگرێت. بەجۆرێک کە ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ هەموان مسۆگەر بکات. لەم رێگایەدا پێویستە بزوتنەوەی نارەزایەتی جەماوەری ئێستای کرێکاران وکارمەندان و زەحمەتکێشان و مامۆستایان و ژنان و لاوان و بێکاران و سەرجەم ئازادیخوازان.. هاوکات لەگەڵ پێداگری توند لەسەر داخوازیە دەستبەجێیەکان وسوربون بۆ سەپاندنی بەسەر ئەوانەی داهاتی کۆمەڵگایان بەتاڵان بروە، لەسەرجەم ناوەندەکانی کار و گەرەکو زانکۆ وبەڕیوەبەرایتیەکان، بە بەرپاکردنی کۆبوونەوە گشتیەکان وهەڵبژاردنی نوێنەرانی خۆیان شوراکان بەرپابکەن. شوراکان ئامرازی کارای بەگەڕخستنی ئیرادەی شۆڕشگێرانەی جەماوەرن هەم بۆ رێکخستن و رابەری کردنی بزوتنەوەی نارەزایەتی ئێستا وهەم بۆ فەراهەم کردنی بناغەکانی ئەلتەرناتیڤیکی دەسەڵاتدارێتی لە جێگای دەسەڵاتی گەندەڵ و شکستخواردوی حزبە بۆرژوازیەکان .

**دەسەڵاتدارێتی شوراکان دەستبەجێ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە جێبەجێ دەکات:**

**یەکەم:** هەڵوەشاندنەوەی هەمو دام و دەزگا بیروکراسی و گەندەڵەکانی ئێستا، هەروەها سەرجەم هێزە چەکدارە میلیشیاییە حزبیەکان. هەموو کەرەسەو دارایی و ممتەلەکاتی ئەم دەزگاو میلیشیایانە لەلایەن نوێنەرانی سەراسەری شوراکانەوە تەرخان دەکرێن بۆ چەکدارکردنی گشتی جەماوەری رێکخراو لە شوراکانی خۆیاندا. هەروەها بانگەوازی هێزە چەکدارەکانی ئێستا (پێشمەرگە و پۆلیس و ...) دەکرێن کە ئازادانە بە هاوچارەنوسەکانی خۆیانو هێزی چەکداری شوراکانەوە پەیوەست بن بۆ پاراستی ئازادیو ئاسایشی کۆمەڵگاو دەسەڵاتدارێتی شوراکانو بەرپەچدانەوەی هەرەشەی داعش.

**دووەم:** ئەم هەنگاوانەی خوارەوە وەکو سەرخەت و بنەما سەرکیەکانی دەستور و قانونی وڵات رادەگەیەنرێن:

١- گرتنەبەری هەنگاوی بەپەلەو کارساز بۆ گێرانەوەی هەموو ئەو موڵک و سامانەنەی کە لەم چەندساڵەدا لەلایەن ئەحزاب و سەران و دەست وپێوەندەکانیانەوە بەتاڵان براوە. ئەوانە لەگەڵ داهاتی نەوت و داهاتەکانی دیکە، تەرخان دەکرێن بۆ باشکردنی ژیان وگوزەران وخزمەتگوزاریە گشتیەکان.

٢- دەستبەجێ لەو داهاتانە هەمو کرێ و موچە نەدراوەکانی سەرجەم کرێکاران وکارمەندان وپێشمەرگە وپۆلیس ومامۆستا و خانەنشین و بیمەکانی تر..بەسەریەکەوە دابین و دابەش دەکرێن. هەروەها سەرجەم کرێ و موچەکان بەپێی ئاستی گرانی زیاد دەکرێن.

٣-بیمەی بێکاری تەسەل بۆ هەموو بێکارانی ئامادە بەکار دابین دەکرێت.

٤- هەموو بانکەکان لە یەک بانکی گشتی ژێردەسەلاتی شوراکاندا یەکدەخرێن و داهاتی نەوت و سەرجەم داهاتەکان، هەروەها خەرج و بودجەبەندی وڵات بە شێوەیەکی شەفاف دەخرێتە بەرچاوی جەماوەرو لەژێر کۆنترۆڵی راستەوخۆی نوێنەرانی شوراکاندا دەبێت.

٥- دین لە دەولەت و پەروەدەو فێرکردن جیادەکرێتەوە، هەموو ئەو یاساو رێسایانەی کە سەرچاوەی دینیان هەیە هەڵدەوەشێنەوە، هەرکەس ئازادە هەر دینێکی هەبێت یان هیچ دینێکی نەبێت.

٦- ئازادی بیروباوەر، رادەربرین، چاپەمەنی، مانگرتن و خۆپیشاندان و کۆبونەوەو ڕێکخراوبون و پێکهێنانی ئەحزابی سیاسی بەبێ هیچ قەیدو بەندێک.

←

## حیزب و ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستیی چینی کرێکار

مەرجێکی هەرە گرنگی قەوارەگرتن و سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار، پێکهاتنی حیزبە کۆمۆنیستیە کرێکاریەکانە کە ئاسۆیەکی لەم چەشنە بخەنە بەردەم چینی کرێکار و هێزی ئەم چینە لەم خەباتەدا ئامادە و ڕابەری بکەن. ئەم حیزبانە کە بەرلە هەرشتێک دەبێ ڕێکخراوی یەکگرتووکردنی هۆشیارترین و هەڵسووڕاوترین ڕابەرانی خەباتە کرێکاریەکان بن، دەبێ لە وڵاتە جیاجیاکاندا پێک بێن. سەرمایەداری نیزامێکی جیهانیە، چینی کرێکار چینێکی جیهانیە، کێشمەکێشی چینی کرێکار لەگەڵ بۆرژوازیدا کێشمەکێشێکی هەمەڕۆژەیە لەئاستێکی جیهانیدا، هەروەها سۆسیالیزم ئەلتەرناتیڤێکە کە چینی کرێکار دەیخاتە بەردەم هەموو مرۆڤایەتی. بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکارییش دەبێ لەئاستێکی جیهانیدا ڕێکخراوبێت. پێکهێنانی ئەنتەرناسیۆنالێکی کۆمۆنیستیی کرێکاری، وەکو ناوەندی یەکخەر و ڕابەریکەری خەباتی جیهانیی چینی کرێکار لەپێناو سۆسیالیزمدا، ئەرکی دەمودەستی بەشە جیاجیاکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی چینی کرێکار و هەموو حیزبە کۆمۆنیستە کرێکاریەکانە لە وڵاتە جیاجیاکاندا.

**نەخشەرێگای دەرهێنانی کۆمەڵگای ...**

٧-یەکسانی هەمەلایەنەی ژن و پیاو لە هەموو مافێکدا وە هەڵوەشناوەی هەموو ئەو یاساو ریسایانەی کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئەمەدا.

٨- یەکسانی هەموو دانیشتوان بەدەر لە رەگەز و دین و ئەتنیک و....

٩- هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان.

١٠- هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیماننامەو گرێبەستە ئابوری و سیاسیانەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ دوڵەت و کۆمپانیاکاندا بەستویانەو دژ بە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانن.

١١- دابینکردنی بیمەی تێروتەسەل بۆ هەموو کەسانێک کە بە هۆی باری تەندروستیەوە توانای کارکردنیان نیە.

١٢- گرتنەبەری هەنگاوی بە پەلە و پێویست

بۆ دابینکردن و رێکخستنی گوزەرانێکی گونجاو بۆ ئاوارەکان.

**سێهەم:** بەرپاکردنی ریفراندومێکی گشتی و ئازادنە لە ژێر چاودێری دامەزراوە نێودەوڵەتیەکان. لەم ریفراندۆمەدا خەڵکی کوردستان ئازادانە بریار لەسەر ئەوە دەدەن کە ئایا دەیانەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە یان جیابنەوەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێنن. پێویستە بەر لە ریفراندۆم ٦ مانگ لە هەلومەرجێکی ئازادانەدا بوار بدرێت هەموو ئەحزاب و رێکخراوەکان ئەلتەرناتیوی خۆیان بۆ رای گشتی رون بکەنەوە. ئەنجامی دەنگدانی خەلک هەرچیەک بێت، ئەوە تاقە بریاری شەرعی خەڵکی کوردستانە و دەسەڵاتی شوراکان بە هەمو توانا بۆ جێبەجێ کردنی دەست بەکار دەبێت.

* * *

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بانگەوازی هەموو جەماوەری نارازی و ئازادیخواز دەکات کە لە پێناو ئەم ئامانجانەو تێپەڕاندنی دۆخی پرمەترسی ئێستاو بەرپاکردنی دەسەڵاتێکی راستەوخۆی جەماوەری و شۆرشگێرانە، لە پشتی ئەم ئەلتەرناتیڤە رابوەستن و بۆ بەرپاکردنی شوراکان دەست بەکاربن. هەروەها بانگەوازی هەمو هەڵسوراوانی کرێکاری و کۆمۆنیست و ئازادیخواز دەکات بۆ نواندنی رۆڵی دەستپێشخەری و پێشڕەوانە لەم رێگایەدا.

هاوکات حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە پێویستە هەموو حزبە سیاسیەکان پابەندبن بە خواست و ئیرادەی شۆرشگیرانەی جەماوری کرێکارو ئازادیخوازی بەمەیدان هاتو و خۆیان نەخەنە بەرامبەر ئەم ئیرادەیەوە. ئەمە تەنها رێگای دەرهێنانی کۆمەڵگایە لە قەیران و بنبەستی ئێستا و دور راگرتنی لە توندوتیژی و پێکدادانی خوێناوی. سیستەمی شورایی لەگەل ئەوەی تەنها شێوازی دەسەلاتدارێتی راستەوخۆی جەماوەرە، لە هەمان کاتدا بالاترین جۆری دیموکراتیک و ئازادی سیاسی مسۆگەر دەکات. هەموو حزبە سیاسیەکان دەرفەتی ئەوەیان هەیە بەرێزگرتن لە ئیرادەی شۆرشگێرانەی جەماوەر و بەشداریەکی سیاسی لەم پرۆسە دیمکراتیک و ئازادانەیە رۆڵی خۆیان بگێرن و پێگەی خۆیان بەدەست بهێنن.

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان**

**شوباتی ٢٠١٦**


## پیوندی له گه ل حزبی حکمتیست

**ده بیر خانه ی حزب: شیوا ئومید**
hekmatistparty@gmail.com

**سکرتیری کومیتەی ناوندی: ئازری مودەرە سی**
shahabi.soraya@gmail.com

**کمیتەی رەبەری: خالد حاج مەحەمەدی**
khaled.hajim@gmail.com

**کومیته ی ته بلیغات: ئەمانی کفا**
aman.kafa@gmail.com

**دفته ر کوردستان : موزەفەری مەحەمەدی**
mozafar.mohamadi@gmail.com

**ریکخراوی دەرەوەی ولات:فوادی عبداللهی**
fuaduk@gmail.com


# بژی شورشی کریکاری